# ئەرێ کەی سەرکردەکانمان ئیکسپایەر دەبن؟!

## هەورامان علی

ئەم وولاتەی ئێمە لە زۆر رووەوە دەکرێ بە وولاتی سەیرو سەمەرەکانی دنیا ناوی بهێنری ، ئێمە ئەگەرچی تەنیا نزیکەی ٥ملیۆن کەسین کەچی حکومەتەکەمان لە حکومەتەکەی وولاتی چین کە زیاتر لە ملیارو نیوێك ئینسانە وەزیری زۆر ترە ! تا دووسی سال لەمەوبەر دوو وەزیری پیشەسازیمان هەبوو کەچی مەسینەو پلیتەی چراش لە وولاتی چینەوە دەهێنین ، دوو وەزیری کارەبامان هەیە کەچی لە شەو رۆژێکدا دوو کاتژمێر کارەبایی بەردەواممان نیە . سەرەرای ئەوەی جوگرافیای کوردستان و ئاو هەواکەی بەیەکێك لە باشترین ناوچەکانی دنیا دێتە ژماردن بۆ کشتوکال و دوو وەزیری کشتوکالیشمان هەبوو کەچی تورو پیازیش لە ئێران و ئەردەنەوە دەهێنین ، نەوتی یەدەکی کوردستان بەشی چەندێ دەیەی هەموو کیشوەری ئەوروپا دەکات و کەسێك نیە گومانی هەبێت کە ئێمە لەسەر دەریایەك نەوت دانیشتوین کەچی خەلکی لەم کوردستانەدا لە سەرمادا گیانیان لە دەست دەدەن،بۆ نەگبەتی جارو باریش لە تورکیاوە نەوت و بەنزینمان بۆ دێت!

، ئاوی سازگاری کوردستان بەشی هەموو دەولەتانی کەنداو دەکات، گەر رێکبخەیت بەشی ئاودێری بیابانەکانی سعودیە دەکات کەچی سلێمانی بەدەست بێ ئاویەوە دەنالێنێت. ئەگەرچی مرۆڤایەتی لە چەمچەمالەکەی لای ئێمەوە فێری کشتوکال بو بەلام لەم سەردەمەدا بە تۆزی پێی بەنگلادش و سۆمالیشدا ناگەین، دەلێی مێژوو لایی ئێمە چەقیوە. ئەگەر چی لایەك لە حکومەتەکەمان سۆشیال دیموکراتە کەچی بە هۆیی وشکە سالیەوە بەسەرپەرشتی وەزارەت مەراسیمی نوێژە بەبارانێ لە پایتەختی هەرێمدا سازدەکەین .ئەگەرچی زیاتر لە هەموو موسولمانەکانی جیهان پابەندی رێنوێنیەکانی ئاینی ئیسلامین و شارەکانی ئێمە بە بەراورد لەگەل باقی شوێنە موسولمان نشینەکانی وولاتانی ئیسلامی مزگەوتمان زیاترە و چەندین حیزبی ئیسلامی و سەرکردەی ریش پانیشمان هەیە کەچی لای برا موسولمانەکانمان وەك ئیسرائیلی دووەم سەیر دەکرێین . گەورەترین نەتەوەین لە دنیادا کە دەولەت و قەوارەی سیاسی سەربەخۆی خۆمان نیە ، کەچی خواستی سەربەخۆیی لای سەرکردە سیاسیەکانمان (خەونی شاعیرانەیە! )، لەهەموو میللەتەکانی تر زیاتر قوربانیمان بۆ سەربەخۆیی داوە کەچی هێشتا ئۆتۆنۆمیەکی قەلبمان مسۆگەر نەکردووە! کە باس دێتەسەر مافی ژنان و ئافرەتان ئێمە زیاتر لە هەموو وولاتەکانی تری دنیا رێکخراوی داکۆکی کەر لە مافەکانی ئەوبەشەی کۆمەلگامان هەیە کەچی لە قتلوعام و توندوتیژی لە دژیان ژمارەی پێوانەیمان شکاندووە ، سالانە چەندین کۆر ، سیمینارو کۆنگرە بۆ ئەنفال و جینۆساید دەگرین کە رژێمی پێشوو ئەنجامی دان ، کەچی سالانە دوو هێندەی قوربانیانی هەلەبجە ژن و کچی خۆمان لەسەر خۆشەویستی دەکوژین! وەرن بابە پەنجەی دەست بیبژێرین بزانین خەلکی کوردستان زیاتر لە سەردەمی دەسەلاتی بەعسدا یان لە سایەی دەسەلاتی پارتی و یەکێتیدا سەری خۆیان هەلگرتووە و ئاوارەی هاندەران بوون! کەچی هیچ دەزگاو دامەزراوەیەك تاقەتی نیە لێکۆلینەوەیەکی لەسەر ئەم ئەنفالە لەسەرخۆیەی لاوەکانمان ئەنجام بدات. لە هەموو بۆنەیەکدا

سیاسیەكانمان باسی گەورەیی كارەساتی هەلەبجە دەكەن ،بەعس كە هەڵەبجەی وێران كرد بە سێ چوار مانگ مالوانی بنیات ناو كردیە شارو ناوی نا هە لەبجەیی تازە ، پارتی و یە كێتی هەڤدە سالە نەیان توانیوە گەرەكێكی هەلەبجە ئاوەدان نا پاك بكە نەوە. ئەگەرچی دەیان كەنالی جۆراو جۆری راگەیاندمان هەیە ، بەلام كە لە دووری چەند مەتری بارەگاكانی خۆشیانەوە تەقینەوەیەك روودەدا دەبێت هەوالەكەی لە جزیرەو سی ئێن ئێن ببیسین . ئەوە نزیكەی دوو مانگە سوپایی توركیا بەردەوام دێهاتەكانی بناری قەندیل بۆردومان دە كات كە چی تائێستاش وێنە یەكی قوربانیە كانم نە دیوە! . كەباس دێتە سەر خە باتی دبلۆماسی سە ركردە سیاسیەكانی ئێمە هێندە كاران هنری كیسنجەر بە شاگردی خۆیان راناگرن ، كە چی هەر چەند سال جارێك ئاشبە تالێك تۆمار دەكەن ، بە قسەیی سەركردەكانمان بێت میللەتی ئێمە تاكە هاوپەیمانی ستراتیژی ئەمەریكایە لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا كە چی ئەمەریكا لە هیچ مەسەلەیەكی هەستیاری عیراقدا بە كلاوی ئێمە گ..... ناپێوێت ، ئە وە نیە لەبەر خاتری چاوی كالی ژنە رالە فاشستەكانی توركیا ئەمەریكا خەبات و تێكۆشانی زیاتر لە ١٥ ملیۆن كورد لە توركیا بە ترۆر لەقەلەم دەدات و سەركردە زۆر دبلۆماسیەكانمان مێشێك میوانیان نیە ! ئێمە زۆر عەجاییبین بەهیچ شتێك تەرنابین! سەركردەكانمان بە داور بەردماندا دەدەن هەر بە خەیالیشماندا نایەت ، لە گەل هەلبژادنی پەرلەمانذا ناراستەوخۆش ریفراندۆم بۆ سە ربەخۆیی كوردستان ئە نجام درا ، زیاتر لە٩٠ ٪ خەلكی وتیان بە لێ بۆ سە ربەخۆیی كە چی سە ركردەكانمان وە ك مە رومالات وە پێش خۆیاندایان و سە ر بە هەوێ بردینیانەوە بۆ بەغدا و نقەشمان نەكرد! هەر بەراستی سەیرین لە كۆنگرەی حیزبی كامە میللەت و نەتەوەی دنیادا فایلدار و خائن و جاسوسەكان لەجیاتی لێپرسینەوەو سزادان خە لات كراون لای ئێمە نەبێت ! ئایا بەراست خەلكێك،میللەتێك ،حیزبێك رێزی خۆی وخەباتەكەی بگری ئە مە قبول دەكات؟ سەیرێكی لیستی جاش و مستە شارەكانی سالانی هە شتاكان بكەن بزانن چە ندەیان ئەمرۆ كاربەدەست و لێپرسراوی دە ولەتن! ئەگەرچی تەمەنی كاروانی خەباتمان بۆ ئازادی و سە ربەخۆیی زیاتر لە سەدەیەك دەبێت كەچی هێشتا خەباتكار و خائن ، تێكۆشەرو جاسوس، قوربانی و جەلاد لێك جیاناكەینەوە... سەركردە لە ولاتی ئێمەدا تاپۆو قۆنتەراتی چەند بنەمالەیەكە، ئەوان بە سەركردەیی لە دایك دەبن ، هەربە سەركردەیش دەمرن ، هەركەسیش بلێ لەل حەتمەن بەكرێگیراوی وولاتێكی بێگانەیە ، لە وانەیە تابوری پێنجیش بێت .

ئێمەش وەك باقی خەلكی كۆمەلگاكانی تری دنیا دە یان حیزبی سیاسی جۆرا و جۆرمان هەیە ،هەر لە كۆمۆنیستەوە تا ئیسلامی فەل و عەیارە بیست و چوار، لەم پەری راستەوە تا ئەوپەری چەپ ، بە لام یەك شتی هاوبەش هەموویان كۆدەكاتەوە ئەویش ئەوەیە ئەمانەی لای ئێمە هەرگیز هەلە ناكەن ،هەرگیز كەس ناتوانێت لێیان بپرسێتەوە ، هەرگیز سەركردەكانیان خانەنشین نابن ، كەنارگیری ناكەن ،هەرگیز هەست بەلێپرسراوی ناكەن، هەرگیز داوای لێبوردن لە هاولاتیان ناكەن ،كەس نازانێت سەرچاوەی داهاتیان كێیە و چەندە ؟ لەكۆیان بووە؟ كەس نازانێ حیزب پارە لە حكومەت وەردەگرێت یان ئەمان خێر بە حكومەت ئەكەن!

ئەمانە سوێندیان خواردووە تا ئە مرن هە ر سە رکردە و هە رحیزب القائد بن.

فەرەنسیەکان چونکە رێزی خۆیان دە گرن تە نیا بۆ یەك دە ورە ژەنەرال دیگۆل یان وە ك سە رکردەی وولات قبوول کرد ئەگەرچی ئەو زاتە سەرکردایەتی هێزی بە رگری فەرەنسیەکانی کرد لە دژی هێزە داگیرکەرەکانی ئەلمانیا و بە سەرکەوتنیشی گەیاندن ....ئەمانەی لای ئێمە هەریەکەیان دەیان کارەساتی بەسەر خۆیی و خەلکی کوردستاندا هێناوەو کەچی هەر سەرکردەیە! ئایییییی کە گوناحین ، ئاخر لە وولاتانی دنیادا نە ك سە رکردایەتی وولات و چارە نوسی میللە تێك و پۆستی بە رێوەبردنی کۆمەلگایەك ، بە لکە ژەمێك خواردنی لە قوتو ئاخنراویش ژمارە و بەرواری بەکارهێنانی دیاری کراوە دەبی مە علوم بێت کە ی وادەکەی بەسەر دەچێت ، ئەری بەراست کەس هەیە بزانێت کەی سەرکردەکانی لای ئێمە ئیکسپایەر ئەبن؟

3.2.2008

لەسیدارەدانی صدام لە نێوان داد پەروەری و تۆلەسەندنەوەدا!

هەورامان علی

دوای هەراوهوریایەکی زۆر ، سەرەنجام سەدام بەبەرچاوی کامێراوە هەلواسراو کۆتایی بە ژیانی هێنرا.ئەگەرچی دادگایی سەدام و دارو دەستەکەی زیاتر لە سالێکی خایاند، بەلام ئەم دادگایە هیچ جیاوازیەکی لە دادگاکانی تری نەبوو کە بەدرێژایی سەدەی رابردوو بۆ سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیرەکانی عێراق سازدراون. ئەم دادگایە، دادگای سەرکەوتوانی جەنگە بوو ، دوورونزیک پەیوەندی بە یاساوە نەبوو ، لەبنەرەتدا ئەم دادگایە سیاسی بوو ؛ هەربۆیە نەدەکرا بریارەکانیشی سیاسیانە نەبن. لە هەلومەرجێکی سیاسسی دیاریکراودا کە عیراقی پێدا تێدەپەرێت، بریاری لەسێدارەدانی سەددام ، بەرزان و عەواد ناتوانێت جگەلە تۆلەسەندنەوەیەکی خێلەکی واوەتر بروات.

ئەو روباری خوێنەی لە عێراقدا وەرێکەوتووە مێژووەکەی گەلێک لە تەمەنی سەدام کۆنترە، بەمردنی سەدامیش کۆتایی نایەت، هەرکەسێک ئەم راستیە نەزانێت بێگومان مێژووی ئەم وولاتەی نەخوێندوەتەوە.

ئەگەر باسی مێژوویەکی دوورنەکەین، هەر لە مێژووی دامەزراندنی دەولەتی تازەی عێراقەوە دەستپێبکەین؛ لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە تا ئێستا، هەموو سەرکردەکانی ئەم وولاتە ترۆرکراون یان لەسێدارە دراون؛ هیچکامیان بە مەرگی ئاسایی کۆتایی بەژیان و دەسەلاتیان نەهاتووە. هەموو دیاردەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم مێژووە بەم نزیکانە کۆتای نایەت . ئەو هەلومەرجە کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسی و فکریەی سەدام و دارودەستەکەی بەرهەم هێنا ، هێشتا هەروەک خۆیەتی ، ئەگەر خراپتر نەبووبێ بێگومان باشتر نەبووە. هەرئێستا لەمندالدانی ئەو جوگرافیایەی کە پێیدەوترێت عیراق هەزاران سەدامی تر بەرێوەن. سەدام و دارودەستەکەی کۆمەلێک خوێنرێژو تاوانباری دابراو لەو مێژووە نەبوون و نین ، تا بەلەناو بردنیان کۆتای بە کێشەکان بێت .ئەوان بەرهەمی ئەوکولتورەن کە مقتەداو ضاری وحەجاج و.....بەرهەم هێناودەهێنی، ئەمە راستیەکی حاشا هەلنەگرە بۆ هەر کەسێک کە نەیەوێت خۆی فریودەدات!

سالانێکی دوورو درێژه له عێراقدا رۆژانه دەیان و سەدان ئینسانی بێتاوان گیانیان له دەست دەدەن ، ئەوەی قوربانیەکان ئەمرۆ لەوانەی سەردەمی بەعس جیادەکاتەوە تەنیا ئەوەیە کە لە سەردەمی بەعسدا بۆ خەلکی ئاشکرابوو کێن خەلک دەکوژن، بەلام ئێستا نا!. ئەو هێزو تاقمانەی ئەمرۆ لە گۆرەپانی سیاسی عێراقدا هەلسوران و چالاکی سیاسیان هەیە چ ئەوانەی لە دەسەلاتی دان وچ ئەوانەی بەناو ئۆپۆیسیۆنن، ئەگەر لە سەدام و دەسەلاتەکەی خراپتر نەبن بێگومان باشترنین . دەکرا روخانی دەسەلاتداریەتی بەعس و دادگایی سەدام و دارو دەستەکەی خالی وەرچەرخانبێت لە مێژووی سیاسی عێراقدا ، دەکرا کۆتایی هێنان بە دەسەلاتی بەعس کۆتایەێنان بێت بە حوکمی توندوتیژی ، بە سزای لە سێدارەدان ، بە تولەسەندنەوەی خێلەکی و مەزهەبی ، بە سەرەتای دامەزراندنی دەولەتی یاسا و یەکسان بونی هاولاتیان لەبەردەم یاسادا......هتد. بەلام هیچیەك لەمانە نەهاتەدی ، هۆکارەکەی بەسادەی ئەوەیە کە هیچ یەك لەوهێزو تاقمانەی کە دەسەلاتی ئەمرۆی عێراقیان بە دەستە دورنزیك بروایان بە شناسنامەی هاولاتی و مافەکانی نیە . لە فەرهەنگی سیاسی ئەواندا هاولاتی بوون مانای نیە ، بو ئەوان قەبیلە ، بنەمالە، مەزهەب ، تایفە .....سەرەتای بیرکردنەوەیانە. هەرلەسەر ئەم بنەمایەش حیزب و ملیشا و جۆرەها دارودەستەی چەکداریان پێکهێناوە، بۆ پاراستنی ئەم بەرژەوەندیەکانی ئەم پێکهاتانە، هاوپەیمانی یان شەروکوشتار بەرپا دەکەن. بەداخەوە ئەمانە راستیەکانی کۆملگای عێراقی ئەمرۆن. لە هەلومەرجێکی لە و بابەتەدا کە باسکراو لەلایەن کۆمەلە هێزێکی لەو بابەتەوە سەددام ودارو دەستەکەی دادگایی دەکرێن.

کات و شوێن و شێوازی لەسێدارەدانی سەددام ؛ جگە لە تۆلەسەندنەوەیەکی عەشیرەتی و مەزهەبی ناتوانرێ لێکدانەوەیەکی تری بۆ بکرێ سەرنجبدەن:

1 . سەددام لە یەکم رۆژی جەژنی سونیەکاندا لەسێدارە دەدرێت (لەروانگەی مەزهەبی سونەوە حەرامە کەس لەو رۆژەدا بکوژرێ).

2. لە شوعبەی پێنجی مخابەراتی سەردەمی بەعس لەسێدارەدرا ، ئەو شوعبەیەی کە کاری کۆکردنەوەی زانیاری بوو لەسەر هێزە شیعەکان، ئەوانەی پەیوەندیان بە ئێرانەوە هەبوو. شایانی باسە سالانێکی زۆر وەفیق سامەرائی کە ئێستا مستەشاری تالەبانیە بەرێوەبەری ئەو شوعبەیە بوو!

3. لەو کاتەی سەدام هەلدەواسن ، ژمارەیەك لایەنگری مقتەدا سەدر، لەرێو رەسمێکی تەواو شیعەمەزهەبیدا بە سەددام دەلێن برۆ بۆ جەهەنەم..... و بژی محمد سادق سەدر... مقتەدا مقتەدا ، بە کامێرەی تەلەفۆن دیمەنەکە تۆمار دەکرێت و بە دەنگو رەنگەوە بلاو دەکرێتەوە. بەکورتی لەسێدارەدانی سەددام بەم شێوەیە هیچ پەیوەندیەکی بە بەرقەرارکردنی دادپەروەری و جێبەجێ کردنی یاساوە نەبوو ، بەقەدەر ئەوەی تۆلەسەندنەوەیەکی مەزهەبی بوو.

سەرەنجام دەبێت ئەوەش بلێین کە لەناوبردنی سەدام بەم شێوەیە قازانجێکی گەورەی ئەمەریکای تێدابوو ، وەك دەسەلاتداری راستەقینەی عێراق ، ئەویش شاردنەوەی هەموو ئەو تاوانانەی سددام و دارودەستەکەی ئەنجامیان دا، راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ دەستی خودی ئەمەریکا و رۆژئاوای تێدابوو..... .

30.12.2006

# پاکستان و گرێکوێرەی ئیسلامی سیاسی

هەورامان علی

تیرۆری درندانەی بنازیر بۆتۆ (1953_2007) سەرەک وەزیرانی پێشوو یەکێک لە بەهێزترین پالێوراوەکانی هەلبژاردنەکانی ئەمسال درگایی جەنگی ناوخۆیی لە پاکستاندا خستە سەر گازەرای پشت. پاکستان سالانێکی دوورو درێژە گیرۆدەی کێشمەکێشێکی سیاسی خوێناویە کە تێیدا هێزە سیاسیەکانی لە رێگەی تیرۆرو توندوتیژی و کودەتاوە دەسەلات ئالوگۆر دەکەن ! لەم نێوەدا ئیسلامی سیاسی دەستێکی بالای هەیە لە خۆشکردنی ئاگری شەرو کوشتار نەک تەنیا لە ناو خۆی وولاتدا ، بەلکو لە ئاودیو کردنی تیرۆر بۆ کشمیری هندستان و ئەفغانستان و تەنانەت ئەورووپاش ....

بەنازیر بۆتۆ لە زۆر رووەوە کەسایەتیەکی سیاسی دژە شەپۆلی باو بوو لە ولاتەکەی خۆیدا ،پێش هەموو شتێک ئەو ژن بوو ، ژن و سیاسەت لە ولاتێکدا کە ئیسلامی سیاسی بەشێکی گرنگ لە دامەزراوەکانی دەولەت پێک بهێنێت کوجا مەرحەبا ! ئەو لەرێزی ئەو ژنە رۆژهەلاتیە تاک و تەرایانە بوو کە تاپۆی شکاند. ( ناقص عقل) بوونی وەک ژنێک لە وولاتانی ئیسلامیدا خستە ژێر پرسیارەوە. ئەو توانی بۆ دووجار ببێتە سەرەک وەزیرانی وولاتێکی ئیسلامی، ئەوە یەکەمین جار بوو لە مێژووی دورو درێژی وولاتانی ئیسلامیدا ژنێک سەرکردایەتی وولات لە ئەستۆ بگرێت. لە روی سیاسیەوە ئەو کەسایەتیەکی لیبرال بوو لە وولاتێکدا کە تاسەر مۆخ نوقمی دواکەوتوویی و کۆنە پارێزی و کۆنەپەرستیی بووە، لە رووی مەزهەبییەوە ئەو شیعە بوو لەکاتێکدا زۆربەی دانیشتوانی پاکستان سوننە مەزهەبن ، لەمانەش گرنگتر ئەو لە هەلمەتی هەلبژاردنەکانی چەند رۆژی رابردووی ئەو وولاتەدا بە ئاشکرا دژایەتی خۆی بۆ ( قوتابخانە) ئاینیەکان راگەیاند بوو..... هەر بۆیە هەولی ترۆر کردنی کارێکی نەک هەر چاوەروان کراو بوو،بەلکە دواش کەوت ! خودی بۆتۆ لە هەموان باشتر ئەم راستیەی دەزانی .ئەو لە دواین دیداریدا لەگەل حامید کەرەزای سەرۆکی ئەفغانستان رایگەیاند ئامادەیە لە پێناو روبەروبونەوەی تیرۆریستەکاندا گیانی خۆیشی پێشکەش بکات .

ئەوشتەی لە پاکستان پێیدەوترێ (قوتابخانەی ) ئاینی لە راستیدا شتێک نیە جگە لە کارخانەی دروستکردنی تیرۆر و شتنەوەی مێشکی ئەو مندالە داماوانەی کە هەژاری و نەداری خێزانەکانیان پالیان پێوەدەنی بۆ نێو ئەو زەلکاوەی کە بە تیرۆریزمی نێودەولاتی ناوبانگی دەرکردووە . تالیبانی ئەفغانستان و تالیبانی پاکستان و زۆرێک لە رێکخراوە ترۆریستیەکانی کشمێر لەم زۆنگاوەدا سەریان دەرهێنا و دەهێنن .

پاکستان وەک وولات خۆی یەکێکی ترە لە قوربانیەکانی جانگی سارد، خودی ئەوەی پێیدەوترێ (قوتابخانەی ) ئاینی یەکێک بون لە ئامرازەکانی ئەو جەنگەو یەکێک لە کارتەکانی گوشاری خۆر ئاوا بۆ سەر رۆژهەلات. با کەمێک بگەرێینەوە دواوە ،لە دەیەی حافتاکانی سەدەی رابردوودا لە دوای شکستی ئەمەریکا لە ڤێتنام و داگیرکردنی ئەفگانستان لە لایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە ، نەخشەدارێژەرانی سی ئای ئەی و پنتاگون بریاری دروستکردنی پشتێنەی (سەوزی)ان دا بە دەوری یەکێتی سۆڤیەتی جاراندا ،پشتێنەی سەوز یانی رێکخستنی هێزو رەتە ئاینیەکان بەتایبەت ئیسلامیەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست لە دژی هێزە چەپەکانی ئەو کات ، بۆ ئەم مەبەستە کودەتاکەی جەنەراڵ محەمەد زیا ئەلهەق، لە پاکستان هەنگاوێک بوو لەم راسایەدا .هنری کیسەنجەر کە ئەو کات وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا بوو رۆلی سەرەکی لەم نەخشەیەدا گێرا ، قوتابخانە ئاینیەکان تەنیا گۆشەیەک ئەم سیاسەتە بوون ،کە پارەو پولی ئەم بنکە ئاینیانە لە لایەن شێخەکانی خلیج بەتایبەتی عەروبستانی

سعودیەوە دابین دەکرا، هەر ئەو قوتانخانانەی ئەمڕۆ دەزگای هەواڵگری دەوڵەتە ڕۆژئاواییەکان بەتایبەتی ئەمەریکا جەخت لەسەر داخستنیان دەکەن وەک هەنگاوێک لە ڕووبەڕو بونەوەی تڕۆر لە ناوچەکەدا .

بە جیا لەمانە زۆر هۆکار هەن کە یارمەتی ئیسلامی سیاسیان دا تا لەو وولاتەدا گەشە بکات ،هەژاری و نەداری سیمای بەرجەستەی خەڵکی پاکستانە ، ئەگەرچی لە زۆرێک لە هەرێمەکانی ئەو وولاتەدا دامو دەزگایی ئامار نیە تا ئاماری هەژاری بە ژمارە دیاری بکەین ،بەم حالەشەوە نزیکەی 50% هێزی کاری ئەو وولاتە بەتاییەت لە ناوچەی وەزیرستان بێکارن. لە هەرێمەکانی تریش لەو ڕێژەیەش زیاتر بێکاری ڕازین( بطالة مقنعة) ،لەزۆرێک لە هەرێمەکانی پاکستان لە 70 %دانیشتوان نەخوێندەوارن. نەخوێندەوار لە دنیای ئەمڕۆدا ئەوانەن لە کۆمپیوتەر نازانن نەخوێندەواری لە پاکستاندا ئەوانەن ناتوانن ناوی خۆیان بنوسن . ئەوە بەجیا لەوەی کە خودی پاکستان لە سەر بناغەی ئیسلام بوونی دانیشتوانەکەی لە هندستانی دایک جیابویەوە ئەوکات بە پشتیوانی ڕۆژ ئاوا دان بە سەربەخۆی بوونیدا نرا. بە هەرحاڵ پاکستان گیرۆدەی رژێمێکی سیاسی دکتاتۆرو ئۆپۆزسیۆنێکی تاسەر مۆخ دواکەوتووە هەر ئەمەش سەرچاوەی نەهامەتی و بەتبەختی خەڵکەکەیەتی .

تیرۆر کردنی بۆتۆ بەم شێوازە دڕندانەیە هەنگاوی یەکەمی دەستپێکردنی جەنگی ناو خۆی ئەو وولاتەیە ، جەنگێک کە تەڕو وشک پێکەوە دەسوتێنێت و کارەساتی گەورەی بە شوێنەوەیە . بە تاییەت پاکستان وولاتێکە خاوەنی بۆمبی ئەتۆمییە ، لە حاڵێکدا هەمووان ئەو ڕاستیە دەزانین کە تیرۆریستە ئیسلامیەکان چەندە پەرۆشی بە دەست هێنانی ئەو چەکە کوشندانەن و هیچ سلێش لە بەکارهێنانیان ناکەنەوە لە بەرامبەر نەیارەکانیاندا، هەر ئەمەش لە پشت ئیدانەکردنی بەر فراوانی جیهانی تیرۆری بۆتووەیە لە سەر ئاستی جیهاندا . دواشت کە دەبێت بوترێت ئەوەیە کە ئەگەر چی تیرۆریستان توانیان بۆتۆ لە ڕوی فیزیکیەوە لە ناو بەرن، بەلام زەحمەتە بتوانن ئەو کۆنە پەرستیە سیاسیەی درێژە پێبدەن و بەر بە ڕەتی هەولدان بۆ گۆرینی سیستەمی سیاسی ئەو وولاتە بگرن

. 28.12.2007

## با نەسینەوەی یادەوەریەکانمان بە دەسەلات نەسپێرین

هەورامان علی

25ی ئاداری 2008

راپەرینی بەهاری 1987 ی شارەزور و هەڵەبجە لاپەرەیەکی پرشنگداری مێژووی خەبات و قوربانیدانی خەلکی کوردستانە لە پێناو ئازادی و سەربەخۆیدا. پاش کارەساتەکەی 1974 ئەوە یەکەمجار بوو هەڵەبجە و داتریش خورمال ،سیروان، سەیدسادق و بەشێکی گرنگی دەشتی شارەزور بکەوێتە ژێر کۆنترۆلی خودی جەماوەری راپەریوو؛ئەگەرچی ئەو راپەرینە ماوەیەکی کورتی خایاند و رژێم بە دڕندانەترین شێوە توانی سەرکوتی بکات ، بەلام راپەرین ئەزمون و وانەیەکی گرنگی فێری هەمووان کرد کە لە راپەرینەکانی دواتری کوردستاندا وەك ئەزمونێکی کەم وێنە سودی لێوەرگیرا. یەکەم وانە کە لە هەڵەبجەوە فێر بووین، ئەوە بوو راپەرین هەرچەندە جەماوەری و بەرفراوان و بە هێز بێت، ئەگەر سەرتاسەری نەکرێتەوە و لە

پانتایەکی جوگرافی دیاریکراودا قەتیس بمێنی، سەرەنجام دوچاری شکست و پاشەکشی دەبێت. ئەوە بوو سەرەرای بەشداری کۆمەلانی خەلکی هەلەبجە و شارەزور، سەرەرای گیانبازی و فیداکاری خەلکی قارەمانی ئەو دەڤەرە، بەداخەوە هەرئەوەش چارەنوسی راپەرینەکەی هەلەبجە و دەشتی شارەزور بوو!
.

لە ناوەراستی هەشتاکاندا و دوای بە بنبەست گەیشتنی گفتوگۆی بەعس و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، رژێم زۆر درندانەتر کەوتبووە گیانی کۆمەلانی خەلکی کوردستان و لە گشت لایەکەوە کوشتوبرِی وەرێدەخست. سیاسەتی (زەوی سوتاوی) پەیرەو دەکرد ،لە هەرجێیەك هێزی پێشمەرگە چالاکیەکی ئەنجام بدایە رژێم بۆ چاوترسێن کردنی خەلک و لایەنە سیاسیەکان تۆلەی لە خەلکی سیڤل و بێتاوان دەکردەوە، بەم هۆیەوە ژمارەیەکی زۆری دێهاتەکانی کوردستان وێران کران، لە کۆتایی گفتوگۆکانی (ی.ن.ك) و رژێم نوێنەری یەکێتی هەرەشەی هاوکاری سەربازی ئێرانیان لە رژێم کرد بوو، ئەوانیش لە زاری «علی حسن مجید»ەوە پێیان راگەیاندبوون گەر کاری لەو بابەتە بکەن دێهات لە کوردستاندا ناهێلن و سل لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاویش ناکەنەوە! بەم شێوەیە هاریکاریکردنی بەرەی کوردستانی لەگەل سوپای پاسدارانی ئێراندا بە کردەوە کوردستانی کردە مەیدانی جەنگی کۆنەپەرستانەی عیراق - ئێران کە دواتر ئەم سیاسەتە ئاکامی زۆر خراپی لێکەوتەوە.

لە بەهاری 1987 دا رژێم بریاری راگواستنی تەواوی دێهاتەکانی دەشتی شارەزوری دابوو، بەکردەوەش لەرێگای موختار و دەست و پێوەندەکانیەوە خەلکی ئاگادار کردبووەوە کە تا مانگی ئایار دەبێت دێهاتەکانیان چۆل بکەن و هەرکەسیش لەو بەروارە بە دواوە لەو ناوچانە بگیرێت وەک (مخرب) هەلسوکەوتی لەگەل دەکەن. ئەوکات هەلەبجە مەلبەندی بەرخودان و بەرەنگار بوونەوەی رژێم بوو، وێرای رێکخستنەکانی بەرەی کوردستانی ،مەلبەندی هەلسوراوانی چەپ و مارکسیەکان بوو، بەشێوەیەکی گشتی مارکسیەکانی هەلەبجە ( جگە لە حیزبی شوعی ) بەسەر دوو رەوتی سیاسیدا دابەش بوو بوون
:

یەکەم ئەوانەی پیان دەوتن عێراقچیەکان کە لە «ئالای شۆرش» و ئەوانەی دەورو بەری پێک هاتبوون
. دووەم: لایەنگران خەتی کۆمەلەی زەحمەتکێشانی ئێران کە لە رەوتی کۆمۆنیست بەتایبەتی و لایەنگرانی مارکسیزمی شۆرشگێر بەشێوەیەکی گشتی پێکهاتبوون.

هەڵەبجە و دەوروبەری هەرلەسەرەتای ئەوەی پێی دەوترێ (شۆڕشی نوێ) بە رابەرایەتی (ی.ن.ك) ناوچەیەكی گرنگی ئەو رەوتە بوو،هێندە بەسە بلێین یەكەمین مەفرەزە و یەكەمین چالاكی پێشمەرگە لە دوای كارەساتی 1974 لەم ناوچەیەدا سەری هەڵدا. لە سەرەتای هەشتاكاندا كەم گەرەكی هەڵەبجە هەبوو،شانەیەكی رێكخستنەكانی كۆمەڵەی رەنجدەرانی تێدا نەبێت،بەڵام دوای گفتوگۆی یەكێتی و رژێم و ناكۆكیەكانی نێو سەركردایەتی كۆمەڵە و جیابونەوەی باڵی «مەلا بەختیار» و هاورێكانی، كۆمەڵە و یەكێتی بەشی زۆری رێكخستنەكانیان لە هەڵەبجە و دەوروبەریدا لە دەست دا.لێرەدا دەبێت بوترێت كە هەڵەبجە و دەروبەری مەڵبەنێكی گرنگی ئیسلامی سیاسیش بوو، بەڵام ئەم رەوتە چونكە لە قۆناغی خۆپەروەردەكردندا بوو،وە لە بنەرەتیشەوە بروای بەم جۆرە خەبات و تێكۆشانە نەبوو،گومانێكی زۆریش هەبوو لەلایەن خودی دەزگا هەواڵگریەكانی رژێمەوە بۆ روبەروبونەوەی چەپ دروست كرابێت، چونكە بەئاشكرا چاوپۆشی لە جموجولیان دەكرا،بەشی زۆری ئەدەبیاتیان لە لایەن چاپخانەكانی رژێمەوە چاپ دەكرا! بەهەرحاڵ ئەم رەوتە تا دوای راپەرینش چالاكیەكی سیاسی ئەو تۆی ئەنجام نەدا كە شایانی باس كردن بێت .لەم كەشوهەوا سیاسیەدا راپەرینی بەهاری 1987ی هەڵەبجە و شارەزوو بەرپاكرا. من لێرەدا وەك كەسێكی بەشداربوو لەو راپەرینەدا هەوڵدەدەم روداوەكانی ئەو چەند رۆژە و هەندێك لە وردەكاریەكانی بگێرمەوە، هیوادارم ئەم هەوڵەی من گێرانەوەیەكی راست گۆیانەی ئەو مێژووە پرشنگدارەی هەڵەبجە و خەڵكە تێكۆشەرەكەی بێت وەك وەفایەكیش بۆ قوربانیە لە ژمارە نەهاتوەكانی لەبەرچاو بگێرێت.چەند رۆژ پێش راپەرین لە نێو هەڵسوراوە سیاسیەكانی هەڵەبجەدا باسی ئەوەی كە چ بكرێت و چۆن روبەروی هێرشی رژێم ببینەوە گەرم بوو. چەپ بەشێوەیەكی گشتی باسیان لە راپەرین دەكرد،هەموو لە سەر ئەوە ساغبوون كە دەبێت بە خۆپیشاندان و مانگرتن وەڵامی رژێم بدەینەوە،ئەوكات هەڵسوراوە سیاسیە ماركسیەكان زۆربەمان یەكتریمان دەناسی، لە چایخانەكان، باخچەكەی بەردەم ئۆرزی،لای دیوارەكە بەرامبەر چایخانەی خاڵۆ و لە نێو سنۆبەر و باخەكانی گوڵاندا باس و خواسی سیاسی و بیروڕای جۆراوجۆرمان ئاڵوگۆر دەكرد. ئەگەرچی ئەو سەردەمە من ئەندامی كۆمەڵەی رەنجدەران بووم، بەڵام لەبەر ئەوەی سكتاریست نەبووم و توشی دۆگمای سیاسی نەهاتبووم لەگەڵ زۆربەی ماركسیەكانی تر پەیوەندی دۆستانەم هەبوو. ئەگەرچی زۆرجاریش جەدەلی سیاسی توند لە نێوانماندا هەبوو،بەڵام لە رووی ئەمنیەوە بەشێوەیەكی دروست و بە دسپلینێكی سیاسی بەرزەوە نهێنیەكانی یەكتریمان دەپاراست. یەكێك لە و كۆروكۆمەڵە سیاسیانە دەستپێشكەری كرد و لە شەوێكی درەنگی 12/13 . ئایاری 1987دا بانگەوازی مانگرتن و راپەرینی دا هەروەک کاک فاتیح عەزیز ئاماژەی پێداوە کە خۆی هەڵسوڕاوێکی

بەرچاو بووە لە زۆربەی خۆپیشاندانەکان دا دەڵێت : چەند کەسێك لەڕێخستنەکانی شار، سەرباری جیاوازی بیروبۆچوونمان لیژنەیەکی شەش کەسیمان پێك هێنا لەم کەسانە (فاتح عەزیز، شەهید دڵزار تۆفیق، موحسین کاکە حەمە، ساجید محەمەد، موحسین جەمیل، گۆران محەمە) لە شەوی 12_1987/5/13 لەبڵندگۆی مزگەوتی (جامعە) گەورەی هەڵەبجە بانگەوازەکەمان راگەیاند لەکاتی بانگەوازەکەدا مەفرەزەیەکی (ح.ش.ع) ە اوکاری کردین.ئەو شەوە نازانم چۆن رۆژم لێبویەوە.کاتژمێر شەشی بەیانی لە مال هاتمەدەر ئەو کات ئێمە مالمان لە کانی قولکە بوو دەمویست چاوم بە کاك رۆستەمی برای قالە کۆکۆیی بکەوێت، ئەو لێپرسراوی رێکخراوەیی من بوو، ناوشار کش و مات بوو، تاکو تەرا خەلك لە بازاردا دەبینرا، هیچ کەس ئامادە نەبوو بچێتە سەر کاری رۆژانەی خۆی، شار چاوەرێی روداوێکی مەزنی دەکرد، هەروەك وتم ویستم هەرچۆنێك بووە خۆم بگەیەنمە مالی کاك «رۆستەم» کە مالیان لە گەرەکی سەرا بوو، نزیکی فەرمانگەی شارەوانی بومەوە ژمارەیەکی زۆر سەرباز و پیاوی رژێم لەو ناوە بوون، بە ناچاری گەرامەوە و بەبەردەم بانکەکەدا خۆم گەیاندە گەرەکی جولەکان، بەلام لەوێشەوە دیار بوو گەرەکی سەرا پربوو لە سەرباز، من دەمویست وەك پابەند بوونێکی رێکخراوەیی بزانم هەلوێستی رێکخراوی کۆمەلە چییە و ئەوان رێنوێنیان چی یە؟ بە هەرحال نەمتوانی دەستم بە کاك رۆستەم را بگا و بە ناچاری رووەو «کانی ئاشقان» کەوتمەرێ رووەو مالی کاك «جەلال بابالە» - جەلال بابالە، سالی 1994 لە خورمال لە شەرەکانی نێوان (ی.ن.ك) و بزوتنەوەی ئیسلامیدا بە دیلی دوور لە هەر پرنسیپێکی مرۆڤانە لەگەل کۆمەلێک پێشمەرگەی تردا لەلایەن چەکدارەکانی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە گولە باران کرا- ، من پێشتر لە گەل کاك «ئیمام»ی برای کاك جەلال لە شانەیەکدا رێکخراو بووین، هەرچی چۆنێك بوو بە کۆلانەکانی جولەکاندا رۆشتم و خۆم گەیاندە مالی کاك جەلال ، لەوێ کاك «ئارام هادی»ش - ئارام هادی دوای پێنج سال پێشمەرگایەتی بێ هیوا بوو بوو دانیشتبوو، من تا ئەو کاتە لە نزیکەوە کاك ئارامم نەدەناسی - لەوێبوو ، دوای هەوال پرسین لە کاك جەلالم پرسی هەلوێستی کۆمەلە و بەرنامەی رێکخستن لەسەر بانگەوازەکەی شەو چی یە؟ کاك جەلال وتی " کۆمەلە لێپرسراوەتی کارێکی لەو بابەتە ناگرێتە ئەستۆ، رژێم لە زۆر ناوچەی کوردستان چەکی کیمیاوی بەکارهێناوە چ شتێك گەرنتی ئەوە دەکات لێرەش لە بەرامبەر خەلکی سیڤێل دا هەمان تاوان دووبارە نەکاتەوە؟ ئێمە هیچ جۆرە رێنوێنیەکی دیاری کراومان بۆ نە هاتووە !" من زۆر بێتاقەت بووم، ئەو بۆچوونەم پێ دروست نەبوو . لەوەلامدا وتم من گەر وەك خۆشم بێ بەشداری دەکەم ، من لە بازارەوە هاتووم، شار مانی گرتووە و ناکرێ خەلك لە ئێمە کە بریارە پێشرەویان بین لە خۆ بردوتر بێت. بە دلشکاوی هاتمەدەر و گەرامەوە بۆ کانی قولکە، لە رێگادا نزیك قوتابخانەی هەورامان گەیشتم بە

هاووڵاتییەکم بەناوی «هەژێن»، دیاربوو ئەویش لە وەلامی بانگەوازەکەی شەودا هاتبووە ئەوێ، دوای هەوالپرسین، وتی لە کوێ بووی، بۆ خۆپشاندان هاتووی؟ خۆمم لێکرد بە کەرەی شەربەت! تا ئەوکاتیش من کاك «هەژێن»م بە باش نەدەناسی ،ئەو زۆر راسگۆیانە وتی "دەزانم تۆش بۆ خۆپیشاندان هاتووی، بۆ لێم دەشارێتەوە؟". هیچ وەلامێکی کاك «هەژێن»م نەدایەوە گەرامەوە بۆ کانی قولکە. زۆرێك لە دوکاندارەکان لە بەردەم دوکانەکانیاندا وەستابوون، بەلام دوکانەکانیان نەکردبوونەوە . هێزەکانی رژێم لە ئامادەباشی تەواوەتیدا بوون ، مودەرەعەیەك و کۆمەلێک سەربازیان هێنابووە لای گەراجی سلێمانی لەسەر ڕاستە شەقامی بازار بەرەو سەرا ،مدەرەعەیەکی تر لای پشکنینی (تنقیح)ی تووتنەکە، دانەیەکی تر لە بەردەم دواناوەندی هەلەبجە لە کانی قولکە و بەمجۆرە..هتد. لای چایخانەی خالۆ ژمارەیەکی زۆر گەنج و لاوی شار، هەلسوراوانی سیاسی و چەپەکان لەوێ بوون، لە ناو چاوی هەموویاندا رقێکی ئەستوور بەرامبەر بە رژێم دەخوێنرایەوە ،کۆمەلێك گەنجی دل پر لە هیوا و ئومێدەوار بە دنیای ئازادی سبەینێ، دوو دوو سێ سێ سەریان کردبوو بە ناو یەکدا، یەکێك لە نێویاندا کە جامانەیەکی لە ملدا بوو هاواری لێهەستا " تانك، تۆپ، تەیارە، دەرمان ناکا لەم شارە"..لە چەند ساتێکی کەمدا دەیان بگرە سەدان گەروو هەمان دروشمیان دەوتەوە ... وردە وردە ئاپورەی جەماوەر زۆرتر و زۆرتر دەبوو، کۆمەلێك دەمووچاوی ئاشنا پەیدابوون؛ بەڕێزان «حەمەسەلیم هەورامی» کۆنە پێشمەرگەی یەکێتی و هاوکاری بەقالێم، «ئەنوەری رابە»، «ئەیوب فایق»، «ساجد محمد»، «عەریف کەریم» ، «کامەران عوسمان» ، «سەردار عەبدوڵلا» ، «هیوای حمەی لاسلکی»، «بەهنام موحەمەد» و سدیق ،حیدەر ،سەعید ،مەریوانی علی شەمعە..... زۆرێکێ تر ( داوای لێبووردن لەو بەرێزانەدەکەم کە لەو کاتەدا لەوێبون من لە یادم نەماوە )...لەبەردەم «چایخانەی خالۆ»وە خۆپیشاندان دەستی پێکرد ،تا دەهات ئاپۆەی جەماوەر زۆرتر و زۆر تر دەبوو. دەنگی تەقەکردن لە چەند لاوە دەبیسترا، لە دوورەوە «مەریوان»ی برامم بینی، بە هەلەدوان خۆم گەیاندە لای گەراندمەوە بۆ مالەوە، چونکە وی لەوکاتەدا هێشتاکە مێردمناڵ بوو. دایکم زۆر لێم پارایەوە نەچمەوە دەرەوە و لەماڵ بۆخۆم دانیشم، وەک پیشەی هەمیشەم بە قسەی دایکمم نەکرد گەڕامەوە ناوبازار لای مزگەوتی داروئیحسان کۆمەلێك گەنجی شار کۆوە بووبوون لە نێویاندا کاك «ئازاد»م دەناسی، ئەوکات کاك ئازاد ئالای شۆرش بوو، یەکەمین هوتافی کاك ئازاد لە بەردەم مزگەوتەکەدا بە عەرەبیی بوو " یا عمال العالم اتحدوا!" ..... ژمارەیەکی بەرچاو خەلکی لەدەوری ئەو هاورێیانە کۆوە بوو بۆ لای مالی کاك «حەمەفەرەجی نانەوا » کەوتنەرێ ، نزیک مالی« ئەحەی شاسوار »و لە کۆلانەکەی لای گەرماوی شفا لەگەل کۆمەلێک خەلکی خۆپیشاندەری تر تێکەل بووین، لەوێشەوە بۆلای بانکەکە خۆپیشاندەران

کەوتنەرێ... سەدان کەس لەبەردەم دوکانەکەی «حەمەی سافە» رووەو «کانی ئاشقان» رێچکەمان بەستبوو، دەمانویست لە چوارڕیانەکە بپەڕینەوە بۆ گەڕەکی کانی ئاشقان، بەلام لە چەند لاوە لەو راستە شەقامە تەقە دەکرا. رژێم بە هۆی مودەرەعەکانێیەوە لە بەردەم گەراجی سلێمانیەوە، هەروەها لە رێگەی بەکرێگراوەکانیەوە گولەبارانی ئەو راستە شەقامەیان دەکرد ..من پێش کاک مەریوانی جوانە مەرگ لەو راستە جادەیەدا پەریمەوە بە سووکی برینداربووم،هەستم کرد ئازارێك لە پشتمەوە هەستا،بە یەکێك لە بەشداربووانی خۆپێشاندانەکەم وت سەیری پشتم بکات،گومانم هەبوو برینداربم،هاوەلەکەم وتی "هیچ نیە کەمێك قرنجاوە..." نازانم پارچەی قیری سەر جادەکە بوو یان پارچەی گوولە تەقیوەکان بە سوکی پشتمی بریدار کردبوو. پاش ئەوەی کە لەوە دلنیا بووم، چاوەرێی پەرینەوەی باقی هاورێیانم دەکرد..... زۆرێك لەوانەی پەریبونەوە هانی ئەوانی تریان دەدا بپەرنەوە...کۆمەلێک لە خۆپیشاندەران بە نێو رێژنەی گولەدا پەرینەوە، کاتێك کە کۆمەلی دووەم پەرینەوە، بەخەستی درانە بەر رێژنەی گولە،کاك مەریوان گولەیەك بەر سەری کەوت، لەگوێچکەی چەپی دا و لای راستی دەموچاوی هەلکەند، دیار بوو گولەی مدەرەعەکەی بەرکەت، دەستبەجێ گیانی لەدەست دا، هەر لەو کاتەدا چەندکەسی تریش بریندار بوون لەوانە کاك «فواد عبدلرحمان»کە زۆر جەسوورانە هاتە نێوەڕاستی چوارڕاکە،لەکاتێک دا گولە باران بوو، هاواری دەکرد کەس نەترسێ وورەی بەشداربووانی بەرزدەکردەوە - کە بەداخەوە لە کارەساتی کیمیاوی بارانەکەدا لەگەل هەزاران رۆلەی تری شارەکەدا گیانی لەدەست دا-. گیانبەختکردنی کاك مەریوان و برینداربوونی کۆمەلێك لاوی تر نەك پاشەکشەی بە خۆپیشاندانەکە نەکرد، بەلکوهێندەی تر جەماوەری راپەریوی رق ئەستورتر کرد و ... پێموایە بەڕێزان «فاتح عەزێز» و «موحسن شێخ جەمیل» و «عەریف کەریم» بوون دارەمەیتەکەیان هێنایە بەری کانێ ئاشقان و لە مزگەوتی جامیعە تەرمی پیرۆزی کاك «مەریوان»مان خستە نێو دارەمەیتێك .. بەدەم وتنەوەی سروود و دروشمدانەوە رووەو کانی ئاشقان بەرێکەوتین ،کۆلان بە کۆلان تەرمەکەمان دەگێرا .. لەم نێوەدا کاکە حەمەی شێخ حەیدەر بە جێبەکەی دەوری بەرچاوی بوو .. زۆرێك لە دایکانی کانی ئاشقان وەک رێزلێنانێک لەو رۆلە قارەمانەی خۆیان چەپکە گولی نێو حەوشە و ئینجانەکانیان هەلدەکەند و دەیانخستە سەر تەرمەکەی... دوای ماوەیەکی کەم لاشەی کاك مەریوان لەنێو خەرمانێك گولالە سوورەی بەهاردا داپۆشرا. لای گەرماوەکەی کانی ئاشقان من لە ریزی پێشەوە خۆپیشاندانەکە وە هوتافم ئەکێشا کاك «ئەیوب فایق» پارەچەیەك کاغەزی دایەدەستم، کە چەند دروشمێکی تێدا نوسرابوو " ئازادی، دیموکراتی ...گەرانەوەی دێهاتی" - هەژارانی شارو دێ ..... دەلێن بۆرژوا بمرێ.

لای دوکانەکەی کاك عومەری وێنەگر کۆمەڵێك سەرباز وەستابوون ، جێبێکی سەربازیان پێبوو، لە لای ئوتێلەکەوە لەلایەن چەند چەکدارێکی دەموچاو هەڵبەستراوەوە تەقەیان لێکرا هێندە بەپەلە هەڵهاتن، لەبەردەم نانەواکەدا لە ئاست گەرماوی پاشادا ئاربیجیەکەیان لێ بەجێما. لە گەراجی سلێمانیەوە بەردەوام تەقە لەو راستە شەقامە دەکرا دەمانویست ئاربیجیەکە بهێنین،کاك «جەلال عارف» وتی "کەس نەچێت بۆی دەکوژرێن، خۆی رۆشت پاش کەمێك شیشێکی درێژی هێناو و بە شیشەکە ئاربیجیەکەمان هێنایە کۆلانەکە ....تاپێش عەسریش تەرمی کاك مەریوان بە نێو شاردا دەگێردرا ..لە کاتی گەرانەوەمان بۆ کانی قولکە بۆ رێگەگرتن لە هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و رێگرتن لە هاتنی هێزی رژێم تەواوی سەر شەقامەکان بە بەرد و ئاسن و جۆرەها شتی تر گیرا بوون. من بۆ خۆم سەرم لەوە سورما بوو ئەو هەموو شتە لەسەر شەقام و شەقامەکانی شار کەوتبوون، لە کوێوە هاتبوون؟ئەوکاتەی تەرمی کاك مەریوان لە مزگەوتی داروئیحسان بوو، مدەرەعەکەی بەردەم ئامادەی هەڵەبجە لەگەڵ سەربازەکانی دەوروبەری روەو لای ئێمە کەوتنە جولە،کەسێکیان ناردبوو بۆلای ئێمە تا ئاگادارمان بکەن کە نیازیان خراپ نیە و دەیانەوێت بگەرێنەوە بۆ سەربازگەکەی خۆیان، بە چەپلە رێزان و وتنەوەی دروشمی " الجنود اخوانونا ..البعسین اعدائونا" پێشوازیان لێکرا، سەربازەکان ئەترسان دەستیان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانیان بوو هێواش هێواش بە نێوماندا پاشەکشەیان کرد، کەسێک کە دەموچاوی هەڵپێچابوو، وابزانم «عادلە خەجێ» بوو، دەیویست تەقە لە سەربازەکان بکات .خۆپیشاندەران پەلاماریان دا و چەکەکەیان لێسەند و وەك زیندانی دوورخرایەوە. دوای رۆشتنی ئەوان تەواوی شار جگە لە گەرەکی سەرا لەژێر کۆنترۆلی خەلکی راپەریودا بوو، عەسرێکی درەنگ کاك حەمەسەلیم هەورامی لە رێگەی بلندگۆی مزگەوتی داروئیحسانەوە مژدەی راپەرین و رزگارکردنی سیروان و خورمالی وسیدساقی راگەیاند ،بە چەپلە رێزان و هوتاف کێشان پێشوازی لە هەواڵەکە کرا... رەوتی کۆمۆنیست بە ناوی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی یەوە بەیانێکیان بلاو کردبووەوە کە بانگەوازی خەلکی دەکرد بۆ راپەرین.... لای ئێوارە بە بەشداری هەزاران کەس تەرمی کاك مەریوان لە شەهیدان بە خاک سپێردرا .بەشێکی زۆری بەشداربوان شەو تا درەنگانێک لای چایخانەی خالۆ مانەوە و کۆڕوکۆمەڵی قسەوباس گەرم بوو بۆ یەکەم جار سەڕای دلە ڕاوکێی لەسەر ڕووداوە چاوەڕوان نەکراوەکان هەستمان بە ئازادی دەکرد. بۆشەوی دووەم ڕزگار عوسمان لە مزگەوتەکەی نزێک ماڵی خۆیان بانگەوازەکەی ڕەوتی کۆمۆنیستی بلاو کردەوە . رۆژی دووەم شار هەر لەژێر کۆنترۆلی خەلکی راپەریودا بوو،لێرە و لەوێ وردە خۆپیشاندان هەبوو،بەلام وەك دوێنێ نەبوو. لای نیوەرۆ لەبەردەم چایخانەی خالۆدا لەگەڵ کۆمەلێك هاورێی خۆم (ئەیوب فایق ،سەردار عەبدوڵا ،بیهنام موحەمەد و عەدنانی برای و نەبەرد

عەبدولحەکیم ...) دانیشتبووین دیسان کۆپتەرەکان لە ئاسمانی شاردا دەرکەوتنەوە، ئەم جارەیان لە جیاتی رۆکێت بارانکردنی شار لە رێگەی بلندگۆوە بانگەوازی خەلکیان دەکرد کە دوای پروپاگەندەی بەکرێگیراوانی ئێران - وەك ئاماژەیەك بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنەکانی رژێم - مەکەون ،هاتوچۆ لە نێو شاردا قەدەغەیە و لەپێناو سەلامەتی گیانتان لەمال مەیەنە دەرەوە ،هەلەبجە بار ناکرێت و کێشەی لادێکانیش چارەسەر دەکرێت.....هتد ،خودی پارێزگاری سلێمانی بانگەوازەکانی دەکرد... دەست بەجێ لە مزگەوتی داروئیحسانەوە لیستی داخوازیەکانی جەماوەری راپەریو خوێندرایەوە،بۆ جاری یەکەم کاك حمەسەلیم خواستەکانی خوێندەوە دواتر کەسێکی تر بەداخەوە ناوەکەی نازانم ،لەوکاتەدا لەسەرسوچەکەی کۆلانی تەجنیدی کۆندا،پیاوێکی بەتەمەن بە برنەوێکی کۆنەوە تەقەی لە کۆپتەرەکان دەکرد،فیشەکەکانی هێندە کۆن بوون،ئەو بەرێزە هەموو جارێك نازانم بۆ پێش تەقاندنیان بە تف تەرەقەکانی تەر دەکرد! دیمەنێك کە هەرگیز لە یادم ناچێت،بەداخەوە ناوی ئەو بەرێزەش نازانم... دەمەو ئێوارە کۆپتەرەکان جارێکی تریش هاتنەوە .گولان و پیر محمد و کانی ئاشقانیان بۆردومان کرد،ژمارەیەکی تر قوربانی لێکەوتەوە ... رۆژی سێیەم،رژێم بە سوپایەکی زۆرەوە هێرشێکی بەربلاوی دەستپێکرد لە سەیسادەق و سیروان خەلکی دلێرانە بەرەنگاری هێرشەکە بووبوونەوە، سەرەنجام نزیکەی نیوەرۆ سەرەتای هێزەکەی رژێم هاتە ناو هەلەبجە کە لەنێویاندا سەربازی یەمەنی دیار بوون،دوای نیوەرۆ مالی بەرێزان (حمەفەرجی نانەوا،عوسمانی حمە پیرەژن، غفوری حەبێ و مەلاعەلی) تەقێندرایەوە هەوال بلاوبووەوە کە بریندارەکانی دوێنێ و پێرێ ئەوانەی لە خەستە خانە بوون و دەست رژێم کەوتوون گولە باران کراون،لە گەڕەکی «کانی ئاشقان»یش رژێم بە فەرمانی راستەوخۆی «عەلی کیمیاوی»کەوتە وێرانکردنی ئەو گەرەکە و لە ماوەی دوو رۆژدا زیاتر لە 500 خانووی هاوولاتیانی بە (T.N.T) تەختکرد،خەلکەکەشی ئاوارە و سەرگەردان کرد،تەنانەت رژێم لە زۆرێك لەو مالانەدا رێگەی بە خەلکەکە نەدا کەلوپەلەکانیان بێننە دەرەوە. بەهەرحال شکست و پاشەکشەی راپەرین،شلەژان و سەرلێشێواویەکی زۆری خولقاند. جگە لە هەلسورێنەرانی خۆپیشاندانەکە بەشێکی زۆری دانیشتوانی شار و دێهاتەکانی شارەزوو روەو چەمی هاوار کەوتنەرێ پاش ئەوەی کە بێئومێد بوون لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن نایەت بەهانایانەوە ،پاشان لە ئۆردوگاکانی سەریاس و دزلێ نیشتەجێ کران.....منیش ئێوارەیەکی درەنگی 15 مانگ لە سەرکەنی تاوێرە گەیشتم بە پۆلێ پێشمەرگەی یەکێتی بە فەرماندەیی کاك حمەی حەمەسەعید لێپرساوی بنکەی شنروێ،باری چەندین هێستر چەك و تەقەمەنیان پێبوو، بەشوروشەوقەوە لەگەلیان وەرێ کەوتم، پێم وا بوو ئەوچەکانە بۆ دابەشکردن بەسەر خەلکی راپەریودا دەبرێن، ئەو شەوە گەیشتینە نزیك تەپەکورە، چەك و تەقەمەنیەکانمان دایەدەست کۆمەلێك

پێشمەرگە،کە بە فەرماندەیی جەبار فەرمان چاوەڕێمان بوون.ئەوکات حالی بووم ئەو چەکانە بۆ قەرەداغ دەبردرێن و پەیوەندیان بە راپەرینەکەوە نییە! ئەمە بێزاریەکی زۆری لە مندا دروستکرد، بەشێکی ئەو پێشمەرگانەی لەگەلمانا بوون وەك من ئەوڕۆژە چەکی پێشمەرگایەتیان لەشان کرد بوو، بەو هیوایەی فریای راپەرین بکەون لەگەل کاك محمد وەرێکەوتبوون... لەبیرمە ئەو شەوە (فاتح عەزیز، موحسن شێخ جەمیل ، مامۆسا بەکر وعوسمانی نەجیبە...بە بۆلەبۆل لە ئێمە جیا بوونەوە و نەگەرانەوە... دوای ماندووبونێکی زۆر گەیشتینەوە سەرکەنی تاوێرە و بریاردرا لەوێ پشیویەك بدەین.بەیانی زوو بە دەنگی کۆپتەرەکانی رژێم لە خەو ڕابووین،بە پەلە خۆمان گەیاندە چەمی هاوار،شەرێکی قورس دەستی پێکرد، حەمەی حەمەسەعید و پۆلێك پێشمەرگەی تر لە نێو سەربازگەکەی ناو دێدا سەنگەریان گرت، عەریف کەریم و کامەران عوسمان و تایەری حاجی کەریم و نەوشیروان تەپەکورەی....لە پشت سەیتەرە کۆنەکەی هاوار و نزیك کارێزەکە دامەزران،ئەو رۆژە لە پێناو تەنسیق کردن و رێکخستنی شەرەکە چەندین جار کاکە حەمە منی دەنارده لای مەفرەزەکەی عەریف کەریم و ئەوان، خۆیشی دەهاتوو و دەچوو، بەکردەوە جگە لە هەندێك وردە روبەروبونەوە، من دەوری تەتەرم دەبینی . تا پاشنیوەڕۆیەکی درەنگ شەر بەردەوام بوو، دوای گیان لەدەستدانی کاك «نەوشیروان تەپەکورەیی» مەفرەزەکەی کاك تایەر و هاورێکانی دلێرانە بەرگریان کرد و نەیان هێشت تەرمەکەی بکەوێتە دەست دوژمن.... ئێوارەیەکی درەنگ دوای کۆتای هاتنی شەرەکە ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگە بە فەرماندەی مامۆستا جەمال حاجی حمە رێوی لە هەوارە کۆنەوە هاتن بۆ لامان. ئەوان جهازێکی راکالیان پێبوو کاك حەمە لەوبەری پردەکەی نێو چەمە هاوار لە سەر رێگاکەی دەرەتوێ، لەرێگەی جیهازەکەی ئەوانەوە پەیوەندە بە سەرکردایەتی یەکێتی و رادیۆوە کرد.هەر لەوێدا راپۆرتێکی لە سەر راپەرین و شەرەکەی چەمی هاوار و پێراگەیاندن ،بە هەلە پێی وتن کە رژێم مزگەوتی جامعەکەی بە مەلا عوسمان و قورئانەکانەوە بە تیئینتی تەقاندووەتەوە! لە کاتێکدا نە مزگەوتەکە تەقێنرا بوویەوە و نە مەلاعوسمانیش کوژرا بوو! ئەوە بوو تا چەند رۆژ رادیۆکەی یەکێتی هەردەی وت و دەیوتەوە کە رژێم رێزی قورئان ومەلاو مزگەوتیش ناگرێت......بۆ مێژوو دەیلێم ئەو راپەرینە بە دەستپێشخەری و سەرپەرشتی هیچ لایەنێکی بەرەی کوردستانی نەبوو،هەرچەندە مەفرەزەیەکی حیزبی شیوعی هاوکاریەکی باشی راپەرینەکەی کرد، بەلام راپەرین لەلایەن ئەو حیزبەشەوە بەرنامەی بۆ دانەرێژرابوو،بەڵکو ڕاپەڕینی خۆبەخۆی جەماوەری بوو هەڵقلاوی هەناوی خەڵکی داخلەدڵی ناوچەکە بوو دژ بە فاشستەکانی بەغدا.شەوی بانگەوازەکە مەفرەزەیەکی یەکێتی بە فەرماندەیی کاك فەلاحی حەمە بۆر لە کانی ئاشقان بوون،داوایان لێکرا بوو بەشداری بکەن،لە وەلامدا وتبوویان (ئێمە بە کاری تایبەتی

خۆمان هاتووین و فەرمانی کارێکی لەو جۆرەمان پێ نییە). ئەوراپەرینە بە دەست پێشخەری «ئالای شۆرش» و «چەپەکانی لایەنگری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی ئێران» بەتایبەتی و چەپەکان بەگشتی رێخکراو هەر ئەوانیش چالاکانە تییدا هەلدەسوران سەرەڕای بەشداری بەرچاوی ئەندام و لایەنگرانی بەرەی کوردستانی. بەڵگەیەکی تری سەبەخۆبوونی راپەرینی ٥ ٥ لەبجە لە کۆنترۆڵ و سکتاریزمی پارتەکان ئەوە بوو، کە ڕاپەڕینەکە وەك راپەرینە جەماوەرییە سەربەخۆکانی مێژوو، سەدان کەس لە خەڵکی هەژار ، کرێکار، جوتیاران، خوێندکاران، مامۆستایان، فەرمانبەران تێیدا بەشدارییان کرد، نەک هەر ئەندامانی حیزبەکانی بەرەی کوردستانی سەربەخۆییانە بەشدارییان تێدا کرد، بەلکو بەشێکی زۆری چەکدارەکانی رژێمش بە راپەرینەکەوە پەیوەست بوون و لوولەی چەکەکانیان کردە ڕژێم.لە کۆتایی دا دەمەوێت داوای لێبووردن لەو بەرێزانە بکەم کە لەو رۆژانەدا چالاکانە هەلدەسوران من ناوەکانیانم لە یاد نەماوە من تەنها ئەوەم باس کردوە کە بەشدار بووم و بینیومە، ئەمرۆ زیاتر لە بیستویەك سال بەسەر ئەو رۆژگارەدا تێدەپەرێت ،مەینەتیەکانی رۆژگار ،ئاوارەیی و زیندان و ژیانی تەنیای هاندەران ..زۆر بیرەوەی لا کال کردومەتەوە ...سلاو لە یادی راپەرینی خەڵکی هەڵەبجە و دەورووبەری.

naaman70@yhoo.com

http://kurdistannet.info/index.php?id=3873

Itemid=14&id=12168&task=view&http://pukmedia.com/kurdish/index.php?option=com_content

## پرسیارێک بۆ مێژوو

## دیمەنێک لە کارەساتی هەلەبجە

**هەورامان علی**

نیوەرۆیەکی کۆتایی زستانی سالی هەزارو نۆسەدو هەشتاو هەشت بوو، تازە سروشت رووەو بەهار هەنگاوەی هەلگرتبوو، هێشتا بەفری میری مێژەرە سپیەکەی سەری لانەدابوو ،هێشتا گولالە سورەکانی لاقەتپالی شنرۆێ چرۆیان دەر نەکردبوو ،هێشتا باخەکانی هەورامان بۆن و بەرامەیان رێبوارانی کاس

نەکردبو ،هێشتا دەنگی کنا لەیلا رەنگ و بۆی هەورامانی رەنگین نەکردبوو،هێشتا بەفراوی ئاوێسەر خواردنەوەی ئاشقانی مەست نەکردبوو ،چنارە بالا بەرزەکانی گولان پرچەکانیان بە نەسیمی شارەزوور شانە نەکردبوو ،لە ناکاو دنیا رەنگی خۆلەمێشی گرت ،لەچەند ساتێکی کەمدا لەگەڵ بارینی مەرگدا شارێک بە پێوە مرد ! ،یەکەم جاربوو لە شارەزوورەکەی نالی و حەبیبەدا لەجیاتی بارانو رەحمەتی خوا مەرگ ببارێ ،یەکەم جاربو بۆنی سێو نێردراوی خوا بێو پاسپۆرتی مەرەگ و ئەو دنیای هەڵ گرتبێ ، یەکەم جاربوو بۆنی سیر مژدەی قیامەتبدا ،یەکەم جار بوو گولەباخەکانی باخی میری پێش ئەوەی چرۆبکەن هەلوەرین.. یەکەمم جاربوو لە مێژووی دوورو درێژی ئەم وولاتەدا باوک بۆ رزگار کردنی گیانی خۆی بەسەر تەرمی مندالەکەیدا باز هەلبدا...... چەند رۆژێکی تر بەهار بوو ،بەهارێک لە جیاتی بۆنی چنورو رێحانە بۆنی مەرگ دەهات ،لە قەتپالی دەرەتوویی ژوروەوەو چۆراوگەی بەفراو رێچکەی بەستبوو ، بەلام لە سەوزەلانی ئەو چیا رەنگینەدا کەوەکان گۆرانیان بۆ پێشوازی بەهار نەدە چری .. ..

ئێوارەیەکی سارد بوو کاروانێکی دوورو درێژی ئینسانی ماندو شەکەت لەسەر چیاکەوە رووەو دامێنی بەنێو کێلگەی میندا رێچکەیان بەستبوو ،خوارو خێچی رۆیشتنیان لە گەرانەوەی لەشکرێکی شکست خواردوو ئەچون،دورو درێژیان لەدورەوە لە دیوارەکە چین ئەچون ،ئەو ئێوارەیە شاهدی تاوانێکی گەوری مێژوو بوو ،لە دامێنی چیاکەدا لە رۆخی روباری سیرواندا ،لە پەنا چنارە بالابەرزەکانی گوندی شێخانی سەرسنوری ئێراندا ژنێکی بالا بەرز لەتاو ئازار راکشا، دوو پیرە ژن ئەملاو ئەولایان گرتببو لە بن تاشە بەردە گەورەکەدا ،لە دامێنی ئەو ژنەوە زریکەی منالێک مژدەی پەیوەست بوونی ئینسانێکی تری بەکاروانی ژیانەوە راگەیاند،یەکیک لە پیرەژنەکان بە ئەملاو ئەولای خۆیدا روانی.....سەرەتەنەکەیەکی ژەنگاوی کە شەپۆلی ماندوی ئاوەکە لە قەراخەوە لەنگەری پێگرتبوو سەرنجی راکێشا،هەر بەو سەرە تەنەکەیە و لەو ئێوارە ساردەدا ناوکی کۆرپە ساواکەیان بری.. دایکە پاش کەمێک کۆرپەکەی لە ئامێز گرت... هەستایە سەرپێ... دوو سێ جار ناوچەوانی کۆرپەکەی ماچ کرد.... پاشان بە دەنگێکی ئارام و خەماوییەوە یەکەمێن ووشەکانی چپان بە گوێی مندالە ساواکەدا.......

(کۆرپەی شرینم میوانی دنیای تازە خولقاوم..... لە نێو شاردا دوێنێ ئێوارە چل و دوو کەسم... چل و دوو ئازیزم لە نێو ژەهردا بە مردویی جێهێشت.... تۆش برۆرەوە بۆ لایان ... با هەست بە تەنیایی نەکەی ،بە گیانی بابە خۆشم دەوێی ،بەلام با وەک من بێ بابیی نە چێژی )....... دایکە چەند هەنگاو چوە نێو ئاوەکە...

لە کاتێکدا هۆن هۆن فرمێسک بە چاوەکانیا جۆگەلەی بەستبوو دەستەکانی بۆ نێو ئاوەکە شۆر کردەوە .... دەستەکانی شلل بون.... لەگەل وردەشەپۆلی ئاوەکەدا وردەوردە مندالەکەش لە چاو ون بوو....لەوکاتەدا بەرچاوم رەشبوو ،هەموو دەمارەکانی لەشم گرژبوون ..تفم لە دنیا.....لە ژیان...لە ئینسان ..لە هەمووشتێ کرد ........لە حەسرەتی ئەو دیمەنە ئەگەر چی زمانم شکابوو ،بەلام دەنگێك لە قولایی دەرونمەوە هاواری دەکرد ...هۆ دنیای کەرو لال ئەزانم نامانبینی ...نامانناسی.... ئێمە نەوەی سەردەمێکن هێشتان بەرژەوەندی پێوانەی دیاریکردنی ئامانجە بەرزەکانی ئینسانە ،هێشتا بریاری دەسەلاتدارەکانی دنیا لە سەر بناغەی قازانجە نەک یەکەمین زەردەخەی منالان ... لە دنیای ئێمەدا هێشتا وەک باقی گیان لەبەرەکانی تر بەهێزەکان بێ هێزەکان دەخۆن ... هێشتا منی ئینسان شەرم لە ئینسان بوونی خۆم دەکەم...... لەوکاتەدا کۆمەلێک بالندە بە ئاسمانی ئەو دەڤەرەدا گۆرانیەکی خەمباریان بۆ ژیان دەووت ، دەتگوت گۆرانی لاوانەوە بۆ مندالەکە دەلێن تا خەوی یەکجاری بیباتەوە.....ئاە ..لەو ئازارە..... ئاخر ئەوە کام ویژدانە ،کام دل و دەرونە ،ئەوە کام هەلومەرجی کۆمەلایەتیە بەم شێوەیە بونەوەر لەخۆی بێگانەو نامۆ دەکات؟! ..ئەوە کامە دنیایە ئینسان والێدەکات بەم شیوەیە دل رەقانە لەگەل نەوەکەی خۆیدا رەفتار بکات ؟،ئێوە وەلامم مەدەنەوە لێگەرێن بۆ مێژوو ،ئەو لە هەگبەکەی خۆیدا ،دەیان پرسیاری تر ،دەیان گرێکوێرەی تری لە خۆ گرتووە.....منیش وەکو ئێوە دلنیام رۆژی دادی هەموو ئەوانەی بە فرمێسك و زامەکانمان پێدەکەنین یان لەو ساتەوەختەدا بێدەنگیان هەلبژارد.......هەموو ئەوانەی لەم مەرگەساتەدا رۆلیان هەبوو شەرمەزاری نێو لاپەرەکانی مێژوو ئەبن و لە بەردەمی پەیکەری بەشنو بالای ئەو ساوایەدا شەرمەزارو ملکەچ رادەوەستن ،داوای لێبوردن ئەکەن......

12.3.2008

## 100ملیۆن نەخوێندەوار لە وولاتانی عەرەبیدا هەیە!

## هەورامان علی

رێکخراوی عرەبی بۆ زانست و رۆشنبیری و پە روەردە لە دوا راپۆرتی خۆیدا رایگە یاند کە ژمارەی نەخوێدەوارانی وولاتانی عەرەبی گەیشتە نزیکەی 100 ملیۆن ئینسان ! بەپێی دواین ئامار ژمارەی دانیشتوانی وولاتانی عەرەبی 335 ملیۆنە کەسە ، بەم پێیە یانی 30٪ دانیشتوانی ئە م وولاتانە نەخوێندەوارن . سەرەرایی گەورەیی ئەم ژمارەیە، بەلام هێشتا ئە م ئامارە گەورەیی کارەساتەکە نیشان نادات. هەلبەتە ئەوە رۆشنە لە دنیایی ئەمرۆدا نەخوێندەواری بەمانا کلاسیکیەکەی ( یانی نەزانینی ئەلف و بێ) نایەت ،بەلکو ئەمرۆ ئیتر لە سەدەی بیست و یە کەمدا کۆمەلگایەك بە نەخوێندەوار لە قەلەم دەدرێت کە لەرووی تەکنەلۆژیاوە هەژار بێت، ئەگەر ئەمە پێوانەبێت ئەوا وولاتانی عەرەبی لە ریزی کۆمەلگا هەرە دواکەوتووەکانی جیهانن . بەپێی راپۆرتێکی

کەناڵی ئاسمانی ئەلجزیرە تەنیا 9٪ دانیشتوانی ئەو وولاتانە کۆمپیوتەر بەکار دەهێنن، ئەوە بەجیا لەوەی ئەوانەش کە توانایی بەکارهێنانی کۆمپیوتەریان هەیە لە چ بوارێکدا بەکاری دەهێنن!

بەلام ئەم راستیانە هەمووی هێشتا لایەکی مەسەلەکە پێك دەهێنن. کارەساتی گەورەتر ئەوەیە خوێندەوارەکانی ئەم کۆمەلگایانە فێری چ زانست و زانیاریەك کراون و هەلگری کامە تێگەیشتنن بۆ ئینسان و ماف و ئەرکەکانی ، زۆرێك لەوانەی ئەمرۆ لە نێو شەقامی شارەکان یان لە نێو پاس و میترۆی شارە کاندا وەك (.... دێز) خۆیان ئەتەقێننەوە دەرچوی ( زانکۆ)کانی ئەم وولاتانەن!!..

عەبدالله عەزام پێش ئەوەی رێکخراوی قاعدە دامەزرێنێت و بارگە و بنەی بپێچێتەوە بۆ شاری پیشاوری پاکستان مامۆستایی (زانکۆ)ی ملیك عبدولله بوو لەسعودیە! هەر بۆیە لەدوای روداوەکانی 11ی سکتەمبەرەوە بە فەرمی ولاتانی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی داوایان لە وولاتانی عەرەبی کرد ئالوگۆری بنەرەتی لە سیستەمی پەروەردەو خوێندنی وولاتەکانیان پێك بهێنن .

جێی خۆیەتی لێرەدا چەند ووشەیەك لە سەر کێشە بنەرەتیەکانی خوێندن بکەین لە رۆژهەلاتی ناوەراسدا بە تایبەت کە راستەوخۆ ئەم کێشە یە بەرۆکی مندالانی کوردستانش ئە گرێتەوە،لە راستیدا سیستەمی پەروەردەو خوێندن لە و ناوچانەدا رەنگدانەوەی سیستەمی سیاسی حاکمە ، کە لای هەمووان ئاشکرایە رژێمە سیاسیەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بە گشتی لە سەر بناغەی سەرکوت و پەرەدان بە کۆنەپەرستی بنیات نراون ،قوتابخانە کان شێوازێکی پەرەسەندووی حوجرە کۆنەکانی سەردەمی دەسەلاتی خەلافەتن! سەرجەم فەلسەفەی پەروەردەو فێربون بریتییە لە هەولدان بۆ دەستەمۆ کردنی ئینسان و بارهێنانی بۆ پەیرەویکردنی ئەو تێگەیشتنە باوانەی کە دەسەلاتی سیاسی و دینی ئە و وولاتانەی لە سەر بنیات نراوە، هەر بۆیە سەرجەم مەنهەجەکانی خوێندن لە وولاتانی عەرەبیدا بریتیە لە پیاهەلدانی بێمانای سەرکردەو مەلیك و شێخەکان وقانگ دانی مێشکی مندالان بە خورافاتی قەومی و مەزهەبی و دینی و شیرین کردنی کوشت و کوشتارەکانی رابردوی ئەو کۆمەلگایانەیە ، تێکەلاو کردنی ئاین و تێگەیشتنە ئاینیەکان لەگەل پەروردە و وانە زانستیەکان پایە یەکی بنەرەتی خوێندن و سیستەمی پەروەردە لەو وولاتانە پێکدەهێنێت، زالبونی ئەم کەش و هەوایە وایکردووە هیچ گرنگیەك بە وانەکانی وەرزش ، وێنە ، مۆسیقا...نەدرێت و زۆر بێبایەخانە سەیر بکرێت لە کاتێکدا پێویستی بە ئەوەیە لە گرنگی ئەم وانانە هەبێ بۆ گەشەکردنی کەسایەتی مندالان و تازە لاوان. توندوتیژی و سیستەمی سزادانی بەدەنی و شکاندنی کە سایەتی قوتابیان شێوازێکی باوی پەروەردەیە، لاپەرەی رۆژنامەکانی ئەو وولاتانە رۆژانە پرن لە روداوی جۆراو جۆر، جیاکاری و هەلاواردنی جنسی ،جیاکردنەوەی قوتابخانەکان بۆ قتابخانەی کچان و کوران.......هتد .

لایەنێکی تری کێشەکە بیرۆکاتیەتی ئیداری نێو دامەزراوەکانی پەروەردەیە ، لە راستیدا سەرجەم رژێمی سیاسی حاکم لە ولاتانی عەرەبیدا نوقی گەندەلی و کۆنەپەرستی سیاسی و ئیداری بووە ، لەم نێوەدا دامەزراوە پەروەردەییەکان بەشی شێریان لەم بیرۆکراتیەت و گەندەلیە بەرکەوتووە.

لایەنی سێیەمی کێشەی خوێندن و پەروەردە لەم وولاتانەدا نە بوونی پێداویستیەکانی خوێندنە ، هەر لە کەمی یان نەبونی بیناو کتێب و قەلەمەوە بگرە تا دەگاتە تاقیگەو سود وەرگرتن لە پێشکەوتنە تەکنیك و تەکنەلۆژیەکان وەك بەهرەمەند بونی قتابیان لە بەکار هێنانی کۆمپیوتەر ....هتد.

لەمانەش گرنگتر هەژاری و نەداری و ناوشیاری کە بەشێوازێکی بەر بلاو لەو وولاتانەدا بلاوە فاکتەرێکی تری بلاوبوونەوەی نەخوێندەواریە،ئەگەرچی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست یەکێکە لە دەولەمەنترین ناوچەکانی دنیایە لە رویی سامانی سروشتی و

کەش و هە وایی لە بار بۆ کشتوکال و سامانی ئاژە لی ،بە لام بە هۆیی دژە خەلکی و دکتاتۆری و نابە رپرسی و گە ندەلی حکومەتەکانیەوە ،بە یەکێك لە ناوچە هەژارەکانی جیهان لە قەلەم ئەدرێت. لێرەدا چەند نمونەیەك لە وولاتی مسر باس دەکەم کە خودی حکومەتی ئەو وولاتە دانی پێداناوە.بەپێی ئامارێکی وەزارەتی نیشتەجێکردن تەنیا لە شارەکانی قاهرە والجیزە و القلیوبیە 8ملیۆن کەس لە سەربانی مالەکان (فوئستوح) یان لە گۆرستانەکان یان زۆر سادە لە قەراغ شارەکان کوخێکیان در وستکردوە تا برسیەتی خۆیانی تێدا بشارنەوە و بێبەشن لە سادەترین خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی لە وانە ئاو ئاوەرۆ کارەباو رێگەی هاتوچۆ و 60٪مندالەکانیان ناچنە قوتابخانە......بەپێی هە مان ئامار 70٪ دانیشتوانی قاهرە کە بەحساب (دایکی دنیایە ) ئاوی خواردنەوەکەیان تەندروست نیەو بەپێی پێوەرەکانی تاقیگە بە ئاوی پیس بوو دەژمێردرێت. بەهەرحال هێشتا ئەمانە شانسیان هەیە کە بە ئاگری شەرو کوشتاری ناوخۆیی وەك دانیشتوانی سودان و عێراق و جەزائرو سۆمال.... نەسوتاون.

ئەگەرچی ئاسۆی رز گار بوون لە م هەلومەرجە مەینەتبارە هێشتا لە زۆرێك لەو وولاتانەدا رون نیە ، بەتایبەتی کاتێك ئە وە دەبینین کە بەشی زۆری ئۆپۆزسیۆنی رەسمی ئە م ولاتانە ئیسلامیەکان پێکی دەهێنن. ئۆپۆزسیۆنێك کە نەك هەر ناتوانێت وەلامی کێشە بنەرەتیەکانی ئەو کۆمەلگایانە بداتەوە بەتایبەت کێشەی پەروەردەو خوێندن ، بە لکو خۆی فاکتۆرێکی بنە رەتی پەرەدان بە نەهامەتی و نائارامی و دواکە وتیی و نە خوێندەوارییە و درەنگ یان زوو دە بی خەلکی لەسەر رێگایی خەباتی خۆی بۆ ئازادی خۆشگوزەرانی و خوێندەواری وەلای بنێن . دەبێت ئەوە لە هەموو لایەك رۆشنبێت کە هەرجۆرە ریفۆرمێك بەبێ جیاکردنەوەی یەکجارەکی ئاین لە پەروەردەو خوێندن ناکام دەمێنێتەوە.

13.1.2008

# پێنج سال دوای روخانی رژێمی بە عس روبارە خوێنەکانی عێراق هە ر وشکیان نەکرد!

## هەورامان علی

ئەم رۆژانە تەمەنی داگیرکردنی عێراق لە لایەن ئەمەریکاوە لە پێنجەمین سال رۆژی خۆی تێپەری ، بە درێژایی پێنج سالی رابردوو عێراق میدانی کێشمەکێشێکی خوێناوی بوو لەپێناو ساغکردنەوەی بەرژەوەندی جیاوازی هێزە ناو خۆیی و جیهانیەکان ،ئاکامی ئەم کێشمەکێشە خوێناویە کارەساتێکی کەم وێنەی مرۆیی خولقاند، ئەگەر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا جەنگ و پێکدادانە خوێناویەکان پەیرەویان لە جۆرێک یاسا و رێسای جەنگ کردبێت ، بێگومان ئەو شێوازە درندانەیەیی لە جەنگی عێراقدا پەیرەوی لێدەکرێت بێبەریە لە هەرجۆرە یاساو رێسایەک، لەهەر جۆرە رەوشت و پرنسیپێک ئینسانی ! . بیانوەکانی بەرپاکردنی جەنگ لە دژی عێراق جگە لە درۆیەکی گەورە هیچ شتێکی تر نەبوون،ئەم جەنگە لەدەرەوەی شەرعیەتی نێو دەولەتی بەرپاکرا کە خۆی لە یاساکانی نەتەوەیەکگرتوەکاندا دەبینێتەوە، ئەو یاسا و شەرعیەتەی کە خۆی لە راستیدا شتێک نیە جگەلە یاسای جەنگەل ، یاسای بەهێزەکان مافی خواردنی بێهێزەکانیان هەیە!. ئەودرندایەتیەی رۆژانە لە شاشەی تەلەفزیۆنەکان و سایتەکانی ئەنتەرنێتدا دەبینرێت هێندە دلرەقانەیە، هێندە نامرۆڤانەیە هێچ پێنوسێک ناتوانێت وەسفی بکات،عێراق ئێستا ئیتر وولاتێکە دەسەلاتەکەی لە رێگەی

پۆلیسەکانیەوە چاوی ئینسان بە درێل هەلدەکۆلن و ئۆبۆزسیۆنەکەشی بە بەرچاوی کامێراوە بە قەمەو کێرد و بەدەم وتنەوەی الله و اکبرەوە ئینسان سەردەبرن! عێراقی ئەمرۆ بە پیت و بەرەکەت ترین زەوی بەرهەم هێنانی سیدی ئینسان سەربرینە! بە دلنیایەوە عێراقیش وەک ئەفغانستانی دەیەی هەشتاکان لەم پێنچ سالەی دوایدا بەشی چەندین دەیەی داهاتوو ترۆریستی بەرهەم هێناوە کە لەداهاتودا ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆ چەندین سال بەدەستیانەوە دەنالێنێت ! جێی سەرنجە سەرەرای ئەو هەموو کارەساتە گەورانە هێشتا میدیای کوردی بەشێوەیەکی گشتی بەم سیناریۆ و گۆماوی خوێنەی کەلە عێراقدا وەرێخراوە دەلێ ( پرۆسەی ئازادی عێراق!!) ،ئەمەریکا بە فەرمی چ لە روی سیاسی و چ لە روی یاساییەوە خۆی بە داگیرکەر ئەناسێنێ ،کەچی هێشتا میدیای کوردی ئەو بە رزگارکەر دەناسێنێت! سەرنج دانێکی کورت لە ئامارەکان** رەنگە لە هەر بەلگە هێنانەوەیک دروستر راستیەکان بخاتەروو، دەبێت ئەوەش بوترێت ئەم ئامارانە هێشتا گۆشەیەک لە راستیە تالە کانی ژیانی رۆژانەی عێراقیەکانە..

## قوربانیە راستەوخۆکان

بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی ۆ.ر.ب بەریتانی تا هاوینی سالی 2007 ژمارەی ئەوانەی بونە قوبانیانی جەنگ و داگیرکاری ئەمەریکا لە ملیۆنێک ئینسان تێپەری. بە پێی راپرسیەکانی ئەو رێکخراوەیە 16% عیراقیەکان یەکێک لە ئەندامەکانی خێزانەکەیان وە 5 % دوو کەس یان زیاتریان لەم پێنج سالەی دواییدا لەدەست داوە. ئەگەرچی سالانێکی دورو درێژە عێراق مەیدانی خوێن رشتن و کوشتاری ئینسانە ،بەلام کەم ساتی مێژووی ئەم وولاتە هەبووە تێیدا بەم شێوەیە مرگ ەەرزان و بەر بلاو فراوان بێت. قوبانیەکانی عێراق جۆراو جۆرن ،ئەوانەی بە داگیرکاری ئەمەریکا رازینین، ئەوانەی لە جەنگی تایفی نێوان شعەو سونیدا دەبنە سوتەمەنی ،یان زۆر سادە لەشەقامی شارەکانی وولاتدا هەر لە بەر ئەوەی لەم گۆماوی خوێنەدا چاویان بە دنیا هەلهێناوە بە رێکەوت لەم جوگرافیایەدا لەدایک بوون دەبنە خۆراکی ماشێنی ئینسان کوشتنی مارێنز یان پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی گۆرستانەکانی کەربەلاو نەجەف تا کۆری عەمامە بەسەرە رەش و سپیەکان گەرم راگرن! مردنی بە کۆمەلی عێراقیەکان هێندە بەر بلاو فراوان و بێ نرخە ئەم رۆژانە تەنانەت شایەنی ئەوەش نیە کە ئاژانسەکانی هەوالی دنیا وەک مانشێتی سەرەکی لە ریزبەندی هەوالەکانیاندا داینێن!

## ئاوارە و پەنابەرەکان

زیاتر لە دوو ملیۆن و نیو عیراقی لە ناوخۆی وولاتدا بەهۆی شەرو کوشتاری تایفی و جەنگی ئەمەریکاوە ئاوارە بوون، لەم ژمارەیە 70% یان ژنان و مندالان پێکی دەهێنن، هەروەها 820 هەزاریان دوای تەقاندنەوەی مەزاری شیعەکانی سامەرا لە سەرەتای سالی 2006 تا هاوینی 2007 ئاوارەبوون. لە 32% ئەم ئاوارانە بێبەشن لەو برە خۆراکەی کە لە عێراقدا ناوی بایعیەو لە 51% یان پچر پچرو ناتەواو سود لەو برە خۆراکە وەردەگرن .ئەم بەشە لە دانیشتوانی وولات بەراستی لە تراژیدیایەکی گەورەی ئینسانیدا دەژین.بەپێی راپۆرتەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەری ژمارەی ئەوعێراقیانەی لە نوسینگەکانی ئەو

ڕێکخراوەدا ناو نوسکراون و داوای مافی پەنابەریان کردووە لە ملیۆنێک پەنابەر تێپەڕیوە، ئەمسال عێراقیەکان ژمارەی پێوانەییان شکاندووە لە داخوازی پەنابەریدا لەڕیزی یەکەمدا دێن لە دنیادا. تەنیا لە سالی ڕابردودا 45 هەزار عێراقی داوای مافی پەنابەریان لە وولاتانی ئەوروپا کردووە. هەربەپێی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتوەکان ئەمەریکا کە خۆی خولقێنەری کارەساتی عێراقە تەنیا مافی پەنابەری بە 1% ی ئەو پەنابەرانە بەخشیوە. شایەنی وتنە دەیان و بگرە سەدان هەزار پەنابەری عێراقی هەن لە وولاتانی دراوسێی عێراقدا نیشتەجێن کە لەلایەن نەتەوەیەکگرتوەکانەوە ناو نوس نەکراون.

## زیندانەکان

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی لێبووردنی جیهانی ژمارەی زیندانیە عێراقیەکان لەو زیندانانەی کە ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەمەریکیەکانەوە بەڕێوە ئەبرێت زیاترلە 25 هەزارکەسن ، کە لە هەلومەرجێکی دژوارو نائینسانیدا ڕاگیراون ، ئەشکەنجەدانی زیدانیەکان لە ژێر دەسەلاتی ئەمەریکیەکاندا زۆر لەوە درندانەترە کە تائێستا ئاشکرا بوە یان باس کراوە ، ڕسوایەکانی زیندانی ئەبوغرێب گۆشەیەکی ئەو هەلومەرجە درندانەیەیە کە زیندانیەکانی تێدا ڕاگیراون ، دەبێت بوترێت هێشتا ئەمانە شانسیان هەیە کە نەکەوتونەتە دەست سەرپەرشتیارە عێراقیەکان کە بە پلائیس نینۆکی زیدانیەکان دەردەهێنن و بە دریل چاویان هەلدەکۆلن و بە بزمار بە دیواری زیندانەکاندا دایان ئەکوتن!، بە پێی ڕاپۆرتێکی کەنالێکی تەلەفزیۆنی بەریتانی بەشێکی ئەو تەرمانەی ڕۆژانە لە قەراغ ڕوباری دجلەدا دەدۆزرێنەوە تەرمی بەشێکی ئەو زیندانیانەیە کە لە لایەن هێزی مغاویری سەر بە وەزارەتی ناوخۆ کە بە( تیمەکانی مەرگ) ناسراون و شەوانە بە کۆمەل لە زیندانەکاندا دەریان دەهێنن و لە قەراغی جادەکاندا گولە بارانیان دەکەن.

بەپێی ڕاپۆرتێکی (وەزارەتی مافی مرۆڤی عێراق) ئەوانەی لە زیندانەکانی وەزارەتی ناخۆدا زیندانین ژمارەیان 31 هەزار کەسە، ئەمە جگە لەو 32 هەزار زیندانیەی کەلەلایەن هێزە فرە ڕەگەزەکانەوە زیندانی کراون، لەم ژمارەیە 3500 لە زیدانی کرۆبری نزیک فرۆکەخانەی بەغدادی نێو دەولەتین و بیست هەزارو چوارسەد کەسیشیان لە سەربازگەی بوکا لە خواروی وولاتدا زیندانین ، شایەنی باسە لەم ژمارەیە 620 زیندانیان مێر مندالن و تەمەنیان لە خوار 18 سالیەوەیە.

## هەژاری

هەشت ملیۆن عێراقی پێویستیان بە کۆمەکی خێرای ئابوری هەیە، لەم ژمارەیە نزیکەی 6ملیۆنیان لەژێر هێلی هەژاریەوە دەژین ، تەنیا لە سالی ڕابردودا 35% ئەم ئامارە زیادی کردووە. ئەوەی کە ئەم هەلومەرجەی ئالۆزتر کردووە بەرزبونەوەی نرخی خۆراکە بنەڕەتیەکانە لە بازارەکانی وولاتدا کە لە سالی 2005 و بۆ سالی 2006 لە 70% نرخەکان بەرز بونەتەوە، هەر بە هەمان ڕێژەش لەم دووسالەی دوایشدا . لەکۆی هێزی ئامادە بەکاری عێراق 60% ئەم هێزە بێکارن کە نزیکەی 7 ملیۆن و نیو ئینسان دەبن .
وەزعی مندالان لە گەورەکان باشتر نیە بەپێی ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی 28% مندالانی عێراق توشی بەدخۆراکی بون، جێی ئاماژەیە ئەم ژمارەیە سالی 2003 لە 19% بوو.

## ئاو

له 70% دانیشتوانی عێراق بەدەست نەبونی ئاوەوە دەنالێنن، پێش داگیر کردنی عێراق ئەم ژمارەیە 20% بوو. لە 80% دانیشتوانی عێراق ئاوێک بەکار دەهێنن کە مەرجەکانی تەندروستی تێدانیە، بەپێی راپۆرتێکی یونیسێف لە هەر سێ منداڵی خوار تەمەن پێنج ساڵ تەنیا یەکێکیان دەستی بە ئاوی خواردنەوەی تەندروست دەگات. لە 22% ئاوارەکانی ناوخۆ کە ژمارەکەیان دوو ملیۆن و نیوە و لە 15 پارێزگای خوارو ناوەراستدا بلاو بونەتەوە پێویستیان بە فریاکەوتنی بە پەلەیە لەوانە لە بواری ئاو و ئاوەرۆی تەندروستدا. **کارەبا**جگەلە هەرێمی کوردستان ( کە خۆتان ئەزانن چۆنە!زۆری لەسەر وتراوە) باقی عێراق لە شەو رۆژێکدا کەمتر لە دوو سەعات کارەبای بەردەوامی هەیە، بۆیە عێراق یەکەمین وولاتە لە دنیادا کە هاولاتیەکانی بۆ بەهرەمەند بوون لە وزەی کارەبا پشت بە توانای گیرفانی خۆیان و مولیدەکانیان ئەبەستن. سەرنج راکێش ئەوەیە لە دواین رۆژەکانی دەسەلاتدارەتی پێشودا عێراق رۆژانە 4 هەزار میگاوات کارەبای بەرهەم دەهێنا داوی پێنچ ساڵ و بەهەدەردانی17 ملیار دۆلار لە کەرتی کارەبادا کەچی یەک وات کارەبا زیادی نەکردووە!، لە راستیدا ئەم پارەیەش وەک باقی پارەکانی تر دیزە بە دەرخۆنە کراوە!. **تەندروستی** کەم بواری ژیان هەیە لە عێراقی ئەمرۆدا هێندەی بواری تەندروستی حالی پەرێشان بێت، نەخۆشخانەکان بەدەست نەبونی پێداویستەکانەوە دەنالێنن لەو 180 خەستەخانە گەورە دەولەتیەی کە لەعێراقدا هەیە بەپێی دان پیانانی وەزیری تەندروستی 90% پێداویستیەکانیان بۆ دابین ناکرێت ،بەپێی راپۆرتی سەندیکای پزیشکی عێراق لە 50% دکتۆرو پسپۆرەکانی بواری تەندروستی وولاتیان بەجێ هێشتوە یان کوژراون، بە قسەی وەزیری تەندروستی عێراق بێت لە بەرانبەر هەر کوژراوێکدا سێ کەسیش بریندار ئەبن بەم پێیە لە ساڵی 2003 وە تائێستا جگە لە نەخۆشی ئاسایی سێ ملیۆن بریندار رویان لەم نەخۆشخانانە کردووە کە بە هیچ پێوانەیەک ناکرێت ناوی نەخۆشخانەیان لێ بنرێت. موسا فەرەج سەرۆکی دەستەی نەزاهە دەڵێت 90% ی ئەو دەرمانانەی لە خەستەخانە و بازارەکاند بەکاردەهێنرێت پشکنینیان بۆ نەکراوە.

## خوێندن

800 هەزار منداڵ کە لە تەمەنی چونە قوتابخانەن لە هەرجۆرە خوێندنێک بێبەشن ئەم ژمارەیە ساڵی 2004 نزیکەی 600 هەزار بوو. بەپێی راپۆرتێکی نارەسمی لە پێنچ ساڵی رابردودا زیاتر لە 500 پرۆفیسۆری زانکۆ پەیمانگاکان و کادری پەروەردەیی عێراق ترۆر کراون ، لەم ژمارەیەش زیاتر وولاتیان جێ هێشتووە. بەپێی راپۆرتێکی رێکخراوی لێبوردنی نێو دەولەتی لە زۆر حالەتدا ترۆری ئەم کادرە پەروەردەییانە ترۆرێکی رێکخراوە.

## گەندەڵی

عێراق لە بواری گەندەڵی ئابوریدا ژمارەی پێوانەیی شکاندووە .ساڵی رابروو هەروەها ئەمساڵیش لە ریزی یەکەمی گەندەڵترین وولاتی دنیادا دێتە ژماردن. ساڵانە پەنجا ملیار دۆلار سامانی ئەم وولاتە بە هۆی گەندەڵیەوە دیار نامێنێت . ئەوکاتەی پۆل برێمەر دەسەلاتداری یەکەمی عێراق بوو 9 ملیار دۆلار پارەی نەوت دیارنەما! لە 33% ئەو پرۆژە گەورانەی بریار بوو عێراقی پێ ئاوەدان بکەنەوە، بەهۆی گەندەڵیەوە راگیراون و دۆسیەکانیان لە دادگاکانی ئەمەریکادایە. کەرتی بەرهەم هێنانی نەوت لە لایەن

کۆمەڵێک مافیاوە بەڕێوە دەچێت کە ڕۆژانە لە سەر دزی و ئاودیوکردنی نەوت بە ئاشکرا لەسەر شەقامەکانی شارەکانی خواروی وولات بەردەبنە گیانی یەکتری ، شەڕو پێکدادانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی شاری بەسرە گۆشەیەکی ئەم ڕاستیەیە. موسا فەرەج سەرۆکی دەستەی نەزاهە لە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەی حەیاتی لەندەنیدا ڕایگەیان کەلە ماوەی پێنچ سالی ڕابردودا بەهۆی گەندەلیەوە ئابوری عێراق 250 ملیار دۆلار زیانی لێکەوتوە،هەروەها ئەو ڕونی کردەوە کە بەهۆی دزین و بە قاچاغبردنی نەوت و بەرهەمە نەوتیەکانەوە 90 ملیار دۆلار زیان لە ئابوری وولات کەوتوە سەرەڕای هەلسورانی دەیان کۆمپانیا لە بواری پیشەسازی نەوتداسالانە 600 ملیۆن مەتر سێجا غاز دەسوتێت بەبێ ئەوەی هیچ سودێکی لێوەر بگیرێت. تەنیا لە وەزارەتی ناوخۆدا ئەم سال 50 هەزار موچەی وەهمی ئاشکرا بوە، فەرەج جەخت لە سەر ئەوە دەکات کە ئەمینداریەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق خۆی کانگایی گەندەلیە.

## شوێنەوار و مۆزەخانەکان

عێراق خاوەنی شارستانیەتیەکە کە تەمەنی لەحەوت هەزارسال زیاترە ، عێراق خۆی مۆزەخانەیەکی گەورەیە و دەیان و سەدان شوێنەواری مێژوویی تێدایە ، دوای داگیرکار مۆزەخانەکانی وولات وەک باقی دامەزراوە دەولەتیەکانی تر کەوتنە بەر شالاوی فەرهود و تالانی ،بەپێی ئامارەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان 15هەزار پارچەی کۆن و بەنرخی لە مۆزەخانەکانی عێراقدا دزراون کە تائێستا تەنیا چوار هەزاریان دۆزراونەتەوە، بەم پێیە 11هەزاری لە ناوچون! ئەو کارەساتەی بەسەر مێژوو شارستانیەتی مێزۆپۆتامیادا هاتووە لە مێژوودا کەم وێنەیە ،مەگەر ئەو کاتەی تەتەرەکان 750 سال پێش ئێستا هاتن مۆزەخانەکانی عێراق توشی کارەساتی لەم بابەتە بوبنەوە. بەشی زۆری کتێبخانە گشتی و کتێبخانەی زانکۆکان یان سوتێنران یان دزران کە بەهۆی فەوتان و لە ناو چونی دەیان هەزار دێکۆمێنتی مێژووی بە نرخ کە زۆرێکیان دەگمەن و تاقە نوسخەی ئەسلی بوون.

## خەرجیەکانی جەنگ

بەپێی راپۆرتەکانی پنتاگۆن و کۆنگرێس جەنگی ئەمەریکا لە عێراقدا ڕۆژانە خەرجیەکەی 12 ملیۆن دۆلارە کە خەرجی تائێستای ئەم جەنگە نەگریسە نزیکەی دوو تریلیۆن و نیوەی دۆلاری ئەمریکیە! دەبێت بوترێت بەم برە پارەیە دەتوانرێت برسیەتی و نەخۆشیە درمیەکان لە هەموو کشوەری ئەفەریقادا بنە بر بکرێت.

دوای ئەم هەموو کارەساتە مرۆڤ دەتوانێت قەزاوەت بکات کە ئایا ئەوەی لە عێراقدا ڕویدا پرۆسەی ئازاد کردنی عێراق بوو یان پرۆسەی وێرانکردنی عێراق ؟ وەلامی ئەم پرسیارە جێدەهێلم بۆ ئێوە!

### سەرچاوەکان:

بۆ نوسینی ئەم بابەتە سودم لە ڕاپۆرتە

هەوالەکانی مالپەرەکانی جەزیرەو کە نالی العربیە و گۆگلێ و سبەی....... کردووە .

** بۆ بینینی بەشێک لە ئامارەکان بنوارە ئەم مالبەرە:

http://www.aljazeera.net/nr/exeres/0360239d-d541-4ebd-a5a2-75293d2bd1d2.htm

## شەقامی عەرەبی لایەنگری لەشکرکێشی تورکیایە!

هەورامان علی

بەپێی راپرسیەکی کەنالی ئاسمانی جەزیرەی قەتەری 54% شەقامی عەرەبی لایەنگری خۆیان بۆ لەشکر کێشی سوپای فاشستی تورکیا بۆ سەر هارێمی کوردستان راگە یاندووە. کەنالی جەزیرە یەکێک لە ناسراوترین و جێ برواترین کە نالەکانی راگەیاندنی دنیای عەرەبیە و دەکرێت بوترێت تا رادەیەکی زۆر ئەم دەنگدانە رەنگدانەوەی بۆچونی شەقامی عەرەبییە. ئەم دەرەنجامە چەند راستیەکی تالی لە خۆیدا حەشارداوە ، یەکەمیان ئەمە نیشانەی زالبونی رە وتی نەتەوەیی و شۆڤێنیزمی ئاودراو بە فاشێزمی ئیسلامییە لە ولاتانی عەرەبی دا . دووەم شکستی سیاسی و دبلۆماسی و راگەیاندنی حزب و رێکخراوە کوردستانیەکانە بەگشتی و ئەوانەی پارتی و یە کێتی بەتایبەتی لە گەیاندنی کێشەکانی خەلکی کوردستان و ئامانجە شاراوەکانی لەشکرکێشی توکیا بۆسە ر هەرێمی کوردستان بەرای گشتی وولاتانی عەرەبی

نەك هەر ئەمە بەلکە عمرۆ موسا وەك سکتێری کۆمکاری وولاتانی عە رەبی لەسەر سنو ر بە زاندنی تورکیا بەسوکی نیگەرانی خۆی دەربری . لە سەر ئاستی ناوخۆ هە لوێستی لایەنە عراقیەکان بەراستی شەرماوەر بوو، ئەوانەی رۆژ تا ئێوارە سوێند بە یەکپارچەیی و سەروەری خاکی عێراق دەخۆن کەچی لەسەر ئەم روداوە جگەلە پرتەو بۆلەیەکی بێمانا هیچ هەلوستێکی سیاسی جدیان نیشان نەدا . پارتی و یەکێتی چەندین جار رایانگەیاندووە کە ئەوان ئۆپۆزسیۆن نین و بە شێکن لە حکومەتەکەی مالکی ، کەچی حکومەتەکەی مالکی هەلوێستی لە هەلوێستی عمر موسا خراپتر بوو ! بەهەرحال بەلەبەرچاو گرتنی ماهیەتی سیاسی ئەم هێزانە هەرکەسێك چاوەرێی هەلوێستێکی لە وە زیاتر بوبێت حەتمەن خوێندنەوەیەکی هەلەی بۆ روداوەکان هەبووە، ئاخر ئەوان وەك ئەوەی هەنگیان لە دارا دۆزیبێتەوە خوا خوای ئەوەیانە هێزێك ، دەولەتێك گوشار بۆ پارتی و یە کێتی بهێنیت و ئەوانیش بە پشتیوانی ئەو گوشارانە خەریکی ساتو سە ودای سیاسی خۆیان بن لە گەلیانداو بتوانن لە بردنی سە همی زیاتر بۆ خۆ یان کەشو هەواکە بەقازانجی خۆیان بشکێننەوە.

راستیەکەی ئەوەیە لە عێراقی تازەدا هاوپەیمانەکانی پارتی و یەکێتی هیچکات بروایان بە هاولاتی بونی خەلکی کوردستان نەبووە نیە، لەو کاتانەدا کە خاکی کوردستان دە کەوێتە بەر پە لاماری دەولەتانی دراوسێ ئە وان بیریان دە چێت یان راستیە کەی بیری خۆیانی دەبەنەوە کە ئەوە دەستدرێژیە بۆ سەر سەروەری عێراق وە ك دەولەتێك لە روی سیاسی و یاساییە وە دەبێت و ئە رکیانە وەدەنگ بێن . ئەم روداوانە چیرۆکی گێلە پیاوی نوسە ری بە ناوبانگی تورك عە زیز نە سینی نم بیر دە خاتەوە، لە گێلە پیاودا کارەکتەری سە رەکی رۆمانەکەی عەزیز نە سین بۆ دانە وەی قە رزی بابی وە ك کە سێکی یاسایی زیندووە و خاوە ن قە رزەکان بەرۆکی دەگرن راکێشی دەکەنە بەردەم دادگا . کەچی بۆ وەگرتنی میرات ئەو لە باری قانونیەوە کەسێکی مردووە! ئاخر ئەگەر قەندیل و باقی ئە و ناوچانەی کەوتونەتە بەر هێرشی درندانە ی سوپایی تورکیا خاکی ( عێراقە) ئەوا کارو کردە وەکانی سوپایی تورکیا پێشێل کردنێکی ئاشکرایی سنوری نێو دە ولەتیە و ئاسایی ترین کاردانە وەی حکومەتی عێراق بە رپەرچدانەوەیەتی ، بۆ ئەمەیکاش وەك دەولەتی داگیرکەری عێراق کە بەپێیی یاسا نێو دە ولەتیەکان ئاسایش و ئارامی ناوچە کە لە ئەستۆیەتی و دە بێت دەست بەجێ وەلام بداتەوە. ئەم روداوانە بەرۆشنی نیشانی دەدەن کە هێشتا وزعی خەلکی کوردستان و ماف و ئازادیە کانیان لە عێراقی تازەدا بە نارۆشنی ماوەتەوە و هەموو ئەو قسانەش لەسەر رێکەوتن و هاوپەیمانێتی پارتی و یە کێتی لەگەل هێزو لایەنە سیاسیەکانی تردا جگە لە وەهم و خۆشخەیالی ناتوانێت شتێکی تر بێت.هێرشی درندانەی سوپایی تورکیا لە حالەتی درێژەکێشانیدا ریزبەندیەکی سیاسی نوێ هێزەکان لە عێراقدا دەخولقێنێت کە بە توندی دژی بەرژەوەندی خەلکی کوردستانە و هاوسەنگی هێز بە قازانجی دوژمنانی دەگۆرێت. هەربۆیە دەبێت بە توند ترین شێوە وەلام بدرێتەوە، هەرجۆرە کەم تەرخەمی و خە مساردیەك

لەلایەن خەلکی کوردستان و هێزە سیاسیەکانیەوە دەبێتە مایەی کارەساتی گەورە و رێگە خۆش دەکات بۆ لەدەست دانی هەرچی زیاتری دەسکەوتەکانی خەلکی کوردستان کە بە خەبات و تێکۆشانی خوێناوی چەندین دەیە بەدەست هاتوون.

27.1.2008

## با رێکخراوبون خواستی سەرەکی ئەیاری ئەم سالمان بێت

هەورامان علی

وەک سونەتێکی لە مێژینە کرێکاران سالانە لە گۆشەو کەنارەکانی دنیادا بۆ پێشوازی لە یەکی ئایار وەک رۆژی نێونەتەوەی خۆیان سەدان چالاکی جۆراوجۆر وە رێدەخەن ، هەموو سالێک چەند هەفتە پێش ئایار رابەرانی کرێکاری ،سەرکردە و خەمخۆرانی ئەم چینە بەشێوازی جۆراجۆر دەست دەدەنە لێکۆلینەوە و هەلسەنگاندنی بزوتنەوەکەیان، هەولدەدەن خواستە سەرەکیەکانی کرێکاران فۆرمۆلەبەندی بکە تا ببنە دروشم و خواستی سەرەکی کرێکاران لە رۆژی یەکی ئایاردا و بیدەن بە گوێی دەسەلاتدار و سەرمایەدار و خاوەنکارەکاندا.
ئەم سال کرێکارانی کوردستان لە هەلومەرجێکدا پێشوازی لە رۆژی جیهانی خۆیان دەکەن کە سەرەرای جەنگ و نائارامیەکانی وولات ، گرانی و هەژاری ، برسیەتی و بێکاری، کەمی کرێ و کاتی کارکردنی دورودرێژ، پرمە ترسی بونی شوێنی کار و مەحروم بون لە هەرجۆرە پێداویستیەکی سەلامەتی کلر و دەیان و سەدان گیروگرفتی گەورەو بچوک یەخەی گرتوون . لە کوردستان تائێستەش سەرەرای تێپەربوونی زیاتر لە هەڤدە سال بەسەر دەسەلاتی کوردیدا شتێک نیە ناوی یاسای کاری کرێکاری بێت تا لە کاتی کێشمەکێشی نێوان کرێکاران و خاوەنکارەکان ،کرێکلوان بتوانن لە رێگەی یاساوە مافەکانیان بەدەست بهێنن ! ئەوەی هەیە یاسای سەردەمی دەسەلاتداریەتی بەعسە کە رەنگە پێویست نەکات من لێرەدا هێچ شتێکی لەسەر بلێم و پێم وانیە کەسێک گومانی لە دژە کرێکار بونی ئەو یاسایە هەبێت. ئەمە لە کاتێک دایە کرێکاران مەحرومن لە هەرجۆرە رێکخراوەیەکی سەربەخۆ کە بتوانێت ریزەکانیان یەک بخات و لە خەباتی رۆژانەیاندا رابەرو دەمراستیان بێت.

رۆلی رێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکاران لە بردنە پێشەوی خواست و داواکاریەکان بۆ هەر کرێکارێکی پێشرەو وشیار رۆشنە، راستیەکەی بەبێ دروست کردن و پەرەسەندنی رێکخراوە سەربەخۆکان کرێکاران نەک هەر ناتوانن ئالوگۆر لەم هەلومەرجە مەینەت بارە بەقازانجی کرێکاران بەدی بهێنین، بەلکە زۆر زەحمەتیشە بتوانین بەرگری لەو دەسکەوتانە بکەین کە تائێستا بەدەست هاتوون (هەلبەتە ئەگەر دەسکەوتێک لە گۆرێدابێت!) . ئەگەر کرێمان کەمەو خوازیاری چونەسەری کرێ و مەچەکانمانین، ئەگەر ماوەی کارکردنمان دورو درێژەو خوازیاری کەم کردنەوەین ، ئەگەر هەلومەرجی کارکردنمان سەخت و دژوارەو خوازیاری سەلامەتی شوێنی کارین،ئەگەر لەچنگ گرانی بازار وەتەنگ هاتووین ، ئەگەر لەدەست کرێچێتی هەراسان بوین و سەرپەنایەک شک نابەن تا برسیەتی خۆمان و خێزانەکانمانی تێدا بشارنەوە ،وە ئەگەر خوازیاری هەلومەرجێکی ئینسانین بۆ خۆمان و مال و مندالەکانمان ئەوا هەنگاوی یەکەم رێکخراو بونمانە . بەدەست هێنانی هەر خواستێکمان لە گرەوی ریزی یەکگرتوو رێکخراو بونماندایە.

لەدوای راپەرین فرسەتێکی تر و هەلومەرجێکی تارادیەک ئازاد و کراوە هاتەگۆری کە دەکراو دەتوانرا سودی زۆری لێ ببینین لە بواری رێکخراوبوندا ، سەرەرای بونی دەیان کۆروکۆمەلی کرێکاری پێشرەو وشیار لە رووی سیاسیەوە ، بەداخەوە جگە لە یەکێتی بێکاران تاقیکردنەوەیەکی ئەتومان لە بەردەستدا نیە!کە ئەویش دوای ماوەیەکی کورت لەبەر چەند هۆکاری

بابەتی و خۆیی پوکایە وە و پاشەکشەی پێکرا کە  هیوادارم لە فرسەتێکی تردا بە  درێژی باسی بکەین. جگەلە یەکێتی بێکاران چەند هەولی تریـــش هەبوون کە لەچوارچێوەی  هەول و تێکۆشانی هەلسوراوان تێنەپەری و بە سەرەنجامێـک نەگەشت.

لە کوردستانیش وەک باقی شوێنەکانی تری دنیا بورژوازی و دە سەلاتەکەی لەرێگەی دروسکردنی رێکخراوەی کارتۆنیەوە هەولیان دا هەر لە سەرەتاوە بەر بە رێکخراوبونی سەربەخۆی کرێکاران بگرن ، ئەوە بوو هەردوای راپەرین لیژنەیەکیان لە لایەنەکانی نێو بەرەی کوردستانی پێک هێناو ناویانا سەندیکای کرێکاران و پاشان بۆ شەرعیەت دان بەم رێکخراوەیە کەوتنە ناو نوسکردنی ئەندامانی حیزبەکانیان لە کـــــارگەو ناوەندەکانی کاری کرێکاراندا. هەلبەتە ئەمە شتێکی تازە نەبوو کە لایەنەکانی بەرەی کوردستانی دایان هێنابێت، پێشتریش رژێمی بەعـس شتێـکی لەم بابەتەی هەبوو ناوی نابوو نەقابە کە کاری ئەم نەقابـانە جاسوسی کردن بوو بە  سـەر کرێکارانی پێشرە و نارازییەوە  و شێوازێکی رژێم بوو بۆ کۆنترۆکردنی خە  بات و تێکۆشانی کرێکاران.  هەرزوو کرێکاران ماهیە  تی ئە م سە ندیکایەشان بۆ ئاشکرا بوو ، هە    ر لە  سەرەتاوە لە زۆرێک لە  گارگەو دامەزراوەکانی تری دە ولەتدا ئە م سە ندیکـــــایە کەوتە بەرامبەر کرێکاران و خواســـ تەکانیان ، هە ر بۆیە  پێش ئە وەی ئە م سەندیکایە بتوانـێت لە نێو کرێکاراندا جێیکەوێت و ژمارەیەک کرێکار فریو بدات رسوا بوو!.

دوای پاشەکشەی شوراکان لە  سەرەتای راپەریندا لە  نێو کرێکارانـی پێشرە و هە لسوراوانی بزوتنەوەی کریکاریدا باس و خواستێکی گەرم هەبوو کە  ئاخۆ چ جۆرە  رێکخراو بونێک دە توانێت وە لامدەرەوی پرشو بلاوی کرێکاران بێت    شورا یان سەندیکا، سەر هەلدان و دروست بونی یە کێتی بێکاران خۆی بە رهەمی ئەو باس و خواستانە  بوو، رەنگە ئەم باسانە ئێستەش گرنگ بن ، بەلام ئەوی گرنگترە دروستکردنی  رێکخراوە سەربەخۆکانی کرێکارانە ، چینی کرێکار لە کوردستاندا پێویستیەکی زۆری بە رێکخراوە . لە هەنگاوی یەکەمدا گرنـگ نیە  کام مەیل و بۆچون زالە ، گرنـگ نیە  نوێنەری کرێکاران لایەنگری چ بۆچونێکی سیاسیە ، کۆمۆنیستە  یان ناسیونالیستە ، خواستەکانی کرێکارانی کوردستان بە   شێوەیەکی گشتی رۆشنن ، هە  رلە زیادکردنی موچەو هەقدەستەکانەوە تا مافی مانگرتن و خۆپیشاندان، هە  ر لە کەمکردنەوەی کاتژمێری کار کردنە وە تا یاسای کارێکی کرێکاری  ......هتد . دەکرێت بە  کۆوەبون لە  دەوری ئە م خواستانە و تێکۆشان بۆ بە  دەست هێنانیان رێکخراوە سەبەخۆکانمان دروست بکەین ، پێک هێنانی دە ستەو کۆمیتەکان  لە دەوری خواستەکان دەتوانێت هەنگاوی یەکەم بێت ، گە ر توانیمان لە هەنگاوی یەکەمدا لە هەر کارگەو  ناوەندێکی کاردا دەستەو کورو کۆمەل سازبدەین و لیستی خواستە  گرنگەکانمان دیاریکرد ، ئە وسا لە  ئاستی شار و تە نانەت لە ئاستی کوردستانیشدا بە  ئاسانی دەتوانین رێکخراوی سە راسەری پێک بهێنین . کەوایە با رێکخراوبون خواستی سەرەکی ئەیاری ئەم سالمان بێت!

2008/4/26